# کەسێتیی لە ڕۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان)ی (شێرزاد حەسەن)دا

**کامەران ئەبابەکر خضر خۆشناو**

بەشی کیمیایی ژیانی کلینکی، کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان، زانکۆی هەولێری پزیشکی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** سایکۆلۆژیا وەك زانستێکی مرۆیی خۆی خزاندۆتەوە ناو تەواوی بوار و بابەتە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤ، (ڕۆمان)یش وەك لایەنێکی بەشدار و کارا لە ژیانی مرۆڤایەتییدا پێگە و کاریگەری زۆری هەیە، کە پێکهاتەی چەند ڕەگەزێکە، یەکێکیش لەو ڕەگەزە سەرەکییانە: (کەس)ە، کە بەشداری کارای ڕووداوەکان دەکات، هەموو ڕەگەزکانی دیکە (ڕووداو، شوێن و کات...) دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بۆیە بەپێی ئەم ڕەگەزانەش کەسەکان کەسێتی خۆیان بۆ دروست دەبێت، کەسێتی پەیوەستە بە خودی ئەو ڕەفتار و گوفتار و کاردانەوانەی، کە کەسەکان بۆ ڕووداو و پێشهاتەکان هەیانە، یان لێیان دەبینرێت، بۆیە لەم ڕۆمانە (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان)دا، بەپێی (میتۆدی ڕەخنەی دەروونی)ی کەسێتی (پەرەسێن و چەسپاو) بوونی هەیە، ئەوانیش خۆیان لە کەسێتی؛ باش و خراپ، شەڕانگێز و ئاشتیخواز، پشتبەستوو و خودبەڕێوەبەری، ترسنۆك و ئازا، گوێڕایەڵ و بەرەنگار... دەبیننەوە، بەپێی هەڵسوکەوتی خۆیان گوزارشت لە خۆیان و کەسێتی ناو کۆمەڵگە دەکەن، ئەم ڕۆمانەش بەرجەستەکاری قۆناغێکی دیاریکراوی کەس و کەسێتییە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵگەی کوردیین.

**کلیلە ووشەکان-** کەس، کەسێتی، کەسی سەرەکی، کەسێتی پەرەسێن، کەسێتی چەسپاو.

## پێشەکی:

جیهانی ڕۆمان، لایەنێکی فراوانی ناو ژانری پەخشانە و ڕەنگدانەوەی پەرەسەندن و دواکەوتن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە پیشاندەدات، لە جیهانی ئەدەبیشدا بە کۆڵەگەیەکی گرنگ دادەنرێت، لەلایەکی دیکە؛ بۆیە ئەگەر (کەس) ڕەگەزێکی بنەڕەتی و سەرەکی ڕۆمان بێت و توانای دەست بەسەرداگرتنی ڕەگەزەکانی دیکە (ڕووداو، شوێن، کات..)ی هەبێت، ئەوە بە هۆی ئەو (کەسێتی)یەوەیە، کە هەر (کەس)ێك لە ڕەوتی ڕۆمانەکەدا هەیەتی.

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی [کەسێتی لە ڕۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان)دا ]یە.

### بایەخی توێژینەوەکە:

هەرچەندە چەندین توێژینەوەی زانستیی لەم بارەیە کراون، بەڵام لەتەواوی ئەوانەی بەرچاومان کەوتوون، چەمکی (کەس) و (کەسێتی) تێکەڵکراون، بۆیە بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، چەمکی (کەس) و (کەسێتی) لەیەکتر جودا دەکاتەوە، دواتر بە پێگیریی بنیاتی ڕۆمانەکە، ئەمانە بە بەڵگەوە لەیەکترجودا دەکاتەوە.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات تیشك بخاتەسەر جۆر و لایەنەکانی (کەسێتی)ی لە دەقی ڕۆماندا بەگشتی و ڕۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان) بە تایبەتی.

### میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە میتۆدی ڕەخنەی دەروونیی و کۆمەڵایەتیی وەرگرتووە.

### سنووری توێژینەوەکە:

سنووری ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە لایەنی (کەسێتی لە ڕۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان).

### پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە (پوختە و پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان) پێکهاتووە.

## ١. چەمك و پێناسەی کەسێتیی و پێگە و گرنگی لە ڕۆماندا:

### ١. ١: زاراوەی کەسێتی:

هەرچەندە لە ژیانی ڕۆژانەماندا زۆرمان زاراوەی (کەسێتی) بیستووە، وەك: (فڵانەکەس کەسێتییەکی بەهێزی هەیە، فیساریش کەسێتییەکی جوانی هەیە،...)، بەڵام ئەم زاراوەیە ڕیشەیەکی کۆنی هەیە و ڕەچەڵەکی زاراوەکە بەستراوەتەوە بە

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 11، العدد 3(2025) ؛ عدد الصفحات (13)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n3y2025.pp48-60

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 11 شباط 2025؛ قُبل في 17 آذار 2025؛ نُشرت في 8 تموز 2025؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: kamaran.khudhir@hmu.edu.krd

حقوق الطبع والنشر ©2025 کامەران ئەبابەکر خضر خۆشناو. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

وشەی (persona)ی لاتینییەوە. لەم دیدگەیەوە زاراوەی کەسێتیی( personality) وشەیەکی لێکدراوە و لە دوو وشە پێکهاتووە: (person) بە واتای کەس و (ality) پاشگرە، بە واتای (ێتی ) دێت، "پیرسۆنا persona)) واتا دەمامك، ئەم وشەیەش لە دوو بڕگە: پیر +سۆنا per –sonare) ) پێکهاتووە، واتاکەی (لە ڕێگەی دەنگەوە)یە، زاراوەکە بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی شانۆ و شانۆگەری و نمایشکردن لەلای یۆنانییەکانەوە، کاتێك (ئەکتەر) دەیویست ڕۆڵێکی تایبەت بە شێوەی (پاڵەوان یان کەسێکی شەڕەنگێز، خۆویست، ڕەزیل، وەفادار، ڕاستگۆ، خەمۆك یان لادەر...) (مجید، ۲۰۱۵: 19) ببینێت، ئەو دەمامکانەیان لە کاتی نواندندا دەخستە سەر دەم و چاویان. لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەر زاراوەی (کەس)؛ (شخص) و زاراوەی (کەسێتی)؛ (شخصية) (عبدالله، 2004: 77) هاتووە، بەمەش زاراوەکە گوزارشتە لە باسکردن و تاوتوێکردنی ڕەفتار و ئاکارەکانی کەسێك، کە لە کەسانی دی جیایدەکاتەوە، یان بەکارهێنانی بۆ جیاوازییە بۆ جیاکردنەوە، لە زمانی کوردیشدا هەر یەکە لە زاراوەکانی (کەسایەتی/ کەسێتی) بەرانبەر زاراوە ئینگلیزییەکە دەوەستن، کە گوزارشتە لەو دیاردەیەی بەهۆی ئەزموونکردنی ژیانی خود و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداو و حاڵەتەکانی ژیان بۆی دروست دەبێت.

لەم دیدگەیەوە هەموو مرۆڤێك کەسێتیی تایبەت بە خۆی هەیە، هاوشێوەی نییە لە کەسێکی دیکەدا دووبارەنابێتەوە، بۆیە کەسێتیی هەر مرۆڤێك بە کەسێتیی مرۆڤێکی دیکە یەکسان و هاوتا نابێت، تەنانەت ئەگەر لە ڕواڵەتی دەرەوەدا (ڕووخسار) لێکچوون هەبێت، بەڵام لەیەکچوون لە ڕووی کەسێتییەوە هەرگیز ڕوونادات، تەنانەت ئەو دوو منداڵەش (جمکانە- التوائم)، کە بەیەکەوە دروست دەبن و لەدایك دەبن با لە زۆر لایەنی شێوەی جەستەییدا لە یەك بچن، بەڵام لە زۆر لایەنی دەروونیی و کەسێتییەوە لەیەك ناچن) (یونس، 2004: 215).

### ١. ٢: چەمك و پێناسەی کەسێتیی:

چەمکی کەسێتی هێندە فراوانە، بەقەد فراونییەکەشی پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە، هەر بۆیە زانایان و دەروونناسان تا ئێستا لەسەر پێناسەیەکی جێگیر و دیاریکراو؛ هاوڕانیین، چونکە هەریەکەیان لە ڕوانگەی خۆی و بەپێی تیۆرێك پێناسەی دەکات، وەکو ڕوانگەی (دەروونی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی...)، لەم سۆنگەیەوە زانایانی دەروونیی هەریەك لە گۆشەیەك و بەپێی تیۆر و توێژینەوە دەروونییەکانی خۆیان و فەیلەسوفانیش هەریەك بەپێی بنەمایەکی فەلسەفی لەم چەمکە: (کەسێتی) دەڕوانن، لەوانە؛ فەیلەسوفی ڕۆشنگەرایی (ئیمانوێل کانت 1724- 1804) باوەڕی وایە؛ کەسێتی (ئەو بوونە ژیرەییەیە، کە پێویستە هەبوونی خۆی بزانێت بەهۆی ئازادی و سۆز و ئەرکە ڕەوشتییەکانییەوە) (عبدالله، 2000، 32)، واتە هەر (کەسێتی)یەك لە ئاوەز و ڕەوشت پێکدێت، ئینجا هەر کەسێکیش ئەمانە: (ئاوەز و ڕەوشت)ی بەکارهێنا و پێیەوە پابەندبوو، ئەوە و گوفتاری ڕەنگدەداتەوە و لە ڕەفتاریشی بەدەردەکەوێت، کە ئەم کەسە، ڕێزی کەسێتی خۆی و ڕێزی بەرانبەری دەگرێت، بەمەش بە بەکارهێنانی ئەقل و ڕەوشتەوە کەسەکان دەتوانن کەسێتی خۆیان بسەلمێنن. لەلایەکی دیکە، بەشێك لە دەروونناسان وا پێناسەی کەسێتی دەکەن، کە بریتییە (لە سیفەتە جەستەیی و ئەقڵی و ڕەوشتییەکان لە دۆخی ئاوێتەبووندا لە نێوان خۆیاندا لە لایەك و ژینگە لەلایەکی دیکەوە، ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ ئەو هەڵوێستە بێ شومارانەدا ئاوێتە دەبنەوە، کە یەکێك لەسەرەتای تەمەنەوە پێیدا تێپەڕ دەبێت تا کۆتایی ژیانی) (کەریم، 1989: 45)، ئەم بۆچوونەش گوزارشت لە زۆربەی بیروڕای زانایانی (دەروونناسی و کۆمەڵناس و زیندەوەرناسان) دەکات، لەبارەی سیفەتەکانی کەسێتی، چونکە سەرچاوەکانی ئەم زانستانە خودی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکە لەم زانستانە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و پێناسەکردنی تایبەتی خۆیان هەیە، لە لایەکی دیکە زانای دەروونیی بە ڕەگەز ئەمەریکی (گۆردۆن ئەلپۆرت Gorrdon Allport1897 -1967) پێیوایە؛ کەسێتیی (یەکەیەکی شاراوەیە لە خودی تاك خۆیدا، ڕێکخستنێکی دینامیکییە و خۆی لە ئامادەکاری جەستەیی و دەروونییدا دەنوێنێت، کە دەستنیشانی ڕێگای تایبەتی تاك دەکات بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگە و ڕەفتارکردن و بیرکردنەوەشیدا) (رشوان، 2006: 21)، لەم سۆنگەوە کەسێتیی سەرجەم چالاکییە ڕەوشتی و گۆڕانکارییە جەستەیی و دەروونییەکان دەگرێتەوە و هەموویان وەك یەکەیەکی لێکبەستراو بەیەکەوە بۆ پێدانی ناسنامەی کەسێتی بە یەکێك، کاردەکەن، بەمەش هەر کەسێك و ناسنامە و کەسێتیی خۆی هەیە و لە هیچ کەسێکی دیکە ناچێت، کەچی (جێمس دیوی واتسن James Dewey Watson1928 -..) پێیوایە: کەسێتی (سروشتێکی دینامیکی گۆڕاوی هەیە) (قەرەچەتانی، 2007: 300)، بەمەش ئەو زیاتر تیشك دەخاتەسەر جیهانی ناوەوەی مرۆڤ، کە بەپێی ڕووداو و کات و شوێن لە گۆڕاندایە و سروشتێکی جێگیری نییە.

زانای دەروونی (سیگمۆن فرۆید Sigmund Freud1856 -1939) پێکهاتەی دروستبوونی هەر کەسێتییەك بۆ سێ ڕەهەند دەگێڕێتەوە، هەریەکیشیان تایبەتمەندیی خۆی پێدەدان، بەم شێوەیە: ((1. ئەو-id: بریتییە لەو پاڵنەر و هێزە ناوەکییەی، کە لە ناخی مرۆڤدایە، 2. من-ego: پێوەندی بە تایبەتمەندییەکانی خۆگونجاندن و خۆ ڕێکوپێك کردنەوە هەیە، کەچی 3. منی باڵا-super ego: تایبەتە بە بەها ڕەوشتیی و ئاکارییە باڵاکان، کە پێوەندی بە ڕۆشنبیریی خێزانەوە هەیە) (جرجیس، ۲۰۰۹: ۳۰۳- ۳۰٤ )، بەمەش دەربڕینەکان/ نووسینەکان گوزارشتن لە سەرجەم کردارە دەروونییەکان، کە کەسێتیی کەسێك لە ڕێگای ئەم سێ ڕەهەندەوە بەدیار دەخات، هەروەها (لۆرانس کۆلبێرگ Lawrence Kohlberg1927 -1987) وا پێناسەی کەسێتیی دەکات، کە بریتییە لە (ڕێکخەرێکی تەواو، کە سەرجەم قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ ڕێکدەخات، ... کەسایەتییەکی گونجاوی کۆمەڵایەتیش خۆیان لەو تایبەتمەندییە تاکییە گرنگەکان دەبینێتەوە) لازاروس، 1981: 51).

بەگشتی تەواوی تێڕوانیین و پێناسەکانی شارەزایانی بواری دەروونناسیی ئەوە پیشاندەدەن، کە کەسێتی تەواوی کردار و گوفتار و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و تایبەتمەندییەکانی کەسێك دەگرێتەوە لە بارودۆخ و ڕووداو و کات و شوێندا، کە لە کەسەکە دەبینرێت و هەستپێدەکرێت، کەسەکە دەبێتە کەسایەتییەکی خاوەن ناسنامەی تایبەت بە خۆی، بەمەش لە کەسێتی کەسێکی دیکە جیای دەکاتەوە.

هەندێکی دیکە باوەڕییان وایە: کەسێتی مرۆڤ (پێکهاتەیەکە جووڵەییە و هەوڵدانێکی بەردەوامە لە پێناو سەرکەوتن لە نێوان ئارەزووە سروشتییەکانی مرۆڤ و بنەماکانی کۆمەڵگە، کە بەسەریدا سەپاندووە) (جامی، 2004: 12)، لەم بیروبۆچوونەدا ئەوە دەردەکەوێت؛ کە لایەنگرانی ئەم ڕایە وەکو ئامێرێك سەیری مرۆڤدەکەن، چونکە (کەس) ئەو شتە دەکات، کە کۆمەڵگە یان داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بەسەریدا سەپاندووە، ئەم جۆرە کەسێتییەش لەناو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردیدا زۆرن، کەواتە لێرەدا کەسێتی مرۆڤ کەسێتییەکی لاساییکەرەوەیە.

لەگەڵ ئەو ڕۆڵە بەرفراوانەی، کە کەسێتیی لە ژیانی ڕۆژانەدا دەیگێڕێت ئەم واتایە فراوان دەبێت، چونکە یەکێك لە سەرچاوەکانی هێزی کەسێتی تاکە کەسە (بریتییە لە ئەنجامدانی چەند ڕۆڵێکی جیاواز بە لێهاتوویەکی گەورە، تاکە کەس بەیەك ڕۆڵی

کۆمەڵایەتی دیاریکراو پابەند نییە، بەڵکو چەندین ڕۆڵ دەگێڕێ) (حەمە ساڵح، 1999: 7)؛ ئەم فراوانبوونەش لەبەر چەند ڕوانینێك هاتووە، یەکێك لەوانە: -هێما- بۆ ڕواڵەت و پانتایی دەرەوەی مرۆڤ دەکات و تایبەتییە دیارەکانی دەستنیشان دەکات و ئاوڕ لە ناوەوە دەداتەوە، یەکێکی دیکە "گەوهەر" سروشتی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، ئەم واتایەش لە ژێر کارتێکردنی ئایین و فەلسەفەدا سەریهەڵداوە) (کەریم، 1989: 41).

لەم گۆشەیەوە زانایانی دەروونناسی باوەڕیان وایە، کە کەسایەتی سەرجەمی ئەو چالاکییانەیە، کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە یەکێکدا بەدیدەکرێت و پێیدەناسرێتەوە؛ بەمەش لە ڕەفتاری دیار و ئاشکرای بەدیاردەکەوێت، واتە گەشەکردن و پێشکەوتنی زانستی دەروونناسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆڵێکی گرنگیان لەسەر گەشەکردن و فراوانکردنی زاراوەی کەسێتی بینیووە، وەك دەگوترێت: فڵانەکەس کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە، یان بە پێچەوانەوە: فڵانەکەس کەساتییەکی لاوازی هەیە، ئەمەش لە دەرهاوێشتەی کاردانەوەی ڕووداو و پێشهاتەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، لە لایەکی دیکە هەر (سیگمۆند فرۆید 1856- 1939) پێی وایە؛ کە کەسێتی بریتییە لە (ململانێ -الصراع لە نێوان دوو لایەن/ هێز (نزم، بەرز) لە ناوەوەی مرۆڤ، بەمەش هەندێك کەس سەرکەوتوو دەبێت لە ڕێکخستن و یەکسانی ڕاگرتن لەنێوان ئەم دوو هێزە ناکۆکەدا؛ دەرەنجام کەسێکی سەرکەوتوو دەبێت، هەندێك کەسیش هەرەس دێنێت و سەرکەوتوو نابێت لە ڕێکخستن و یەکسانی ڕاگرتن، لە ئاکامدا کەسێتییەکی شێت یان سەرپێچیکار و بەسەرخۆدا شکاوە یان دڵ پڕ لە قین دەردەچێت)(ئیسماعیل، 2000: 48)، بە واتایەکی دیکە؛ مەبەست لێرەدا ئەوەیە؛ کە لەناو خودی مرۆڤدا (ناخی مرۆڤ) دوو بەرە هەیە، (بەرەی خێر و بەرەی شەڕ) جا ئەگەر مرۆڤ سەرکەوتوو بوو لە ڕێکخستنیان و دەست بەسەر داگرتنیان بەشێوەیەکی باش، ئەوە کەسێتییەکی سەرکەوتووی دەبێت، بەڵام ئەگەر نەیتوانی بەشێوەیەکی باش دەستیان بەسەردابگرێت، کەسێتییەکی دوورەپەرێز و ناکۆمەڵایەتی و بێ کەڵکی لێ دەردەچێت.

لەم سۆنگەیەوە کەسێتی بریتییە لە (سیستەمێکی تۆکمە، کە لە کۆمەڵێك تایبەتمەندی جەستەیی و ویژدانیی و چاودێریی و هەستکاریی پێکدێت، کە ناسنامەی تاك دیاردەکات و لە کەسانی تری جیادەکاتەوە) (بەدران، 2005: 87)، واتە شوناسی (شێوازی) کەسی پێوە دەناسرێتەوە.

### ١. ٣: جۆرەکانی کەسێتی:

دەست نیشانکردن و باسکردنی جۆرەکانی کەسێتیی کارێکی ئاسان نییە، چونکە شارەزایانی بواری دەروونناسی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییان دەستنیشانکردووە وەك: کەسێتیی (کراوە، داخراو، نەرم، خەمۆك، کاریزمی، پشت بەستوو، هیستیری (الهستریە)، دووربیین، پەرگیر، دژە کۆمەڵگا، داهێنەر، کەسێتیی شەڕەنگێز و ئاشتیخواز، خۆویست/نرگسی، ...)، بۆیە بەپێی پێویستی توێژینەوەکەمان باسی چەند جۆرێك لە کەسێتیی دەکەین، ئەوانیش بریتیین لە:

### ١. ٣. ١: کەسێتیی کراوە و کەسێتیی داخراو:

باس کردن و دابەشکردنی ئەم دوو جۆرە کەسێتییە دەگەڕێتەوە بۆ پزیشکی دەروونی (کارڵ گۆستاف یونگ 1875Carl Gustav Jung -1961)، کاتێك کەسێتی بۆ دوو جۆر دابەشکرد: کەسێتی کراوە extrovert) و کەسێتی داخراو introvert)، هەر بە ئەوەندەش نەوەستا، بەڵکو گەشەی بەم جۆرانەدا و دابەشکردنی نوێی (بۆ هەردووکیان کرد، بۆ جۆری بیریی و سۆزداریی، سۆزیی و ئیلهامی، هەموو ئەم جۆرانەش پێوەندییان بە هەردوو جۆرە کەسێتییەکەوە (کراوە و داخراو هەیە) (صالح، 2007 : 73)، ئەم دوو جۆرە کەسایەتییە لە ئەدگار و تایبەتمەندی و هەڵسوکەوتییاندا دوو ئاراستەی تەواو جیاوازیان هەیە، وەك: (کەسێتی کراوە): کەسێتییەکی کۆمەڵایەتییە و حەز بە تێکەڵاوی خەڵکانی دیکە دەکات و بەشێوەیەکی واقیع بینانە و دوور لە خەیاڵ لە کەس و ڕووداوەکانی دەورووبەری خۆی دەڕوانێت، زۆرجار لە چارەسەرکردنی کێشەکانی دەورووبەری سەرکەوتوو دەبێت ، بەشێوەیەك، کە بگونجێت لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژیت، خاوەن نەرمییەکی زۆرە بە گوێرەی پێداویستیەکانی ژیان و باروذۆخ و پێوەندی یە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەزامەندیی خودی و کۆمەڵایەتی تێدایە، کەچی لە بەرانبەردا (کەسێتی داخراو) بە پێچەوانەوەیە، کەسێتییەکی گۆشەگیرە و ئارەزووی تێکەڵاوی خەڵك نییە و خۆی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزێت و بەهەر هۆکارێك بێت هەوڵی دوورکەوتنەوە لە واقیع دەدات، کەسێتییەکە میزاجێکی هەستیاری هەیە، ئەم هەستیاریەش لە هەڵچوون و داچوونە خێراکانییدا دەردەکەوێت، (صالح، 2007 :74). هەندێکجار ئەم هەڵچوونانە لە کاردانەوەکانی بەدەردەکەون، کەچی زۆرجاریش لە ناخییدا دەیانشارێتەوە، بێگومان ئەمەش هۆکار دەبێت بۆ خۆ بەدوورگرتن لە تێکەڵاویی کەسانی دیکە.

(کارڵ گۆستاڤ یونگCarl Gustav Jung 1875-1961) باوەڕی وایە: هەردوو جۆری کەسێتییەکە (کراوە و داخراو) دەکرێت (هزرکەرەوە و پەیبەرێکی باشبن، وەك جۆری کەسێتی داخراو، هزرێکی داخراوی هەیە، بەمەش بایەخ بە ڕاستیی بیردۆزەکان و ڕەوشت و بەها باڵاکان دەدات، جۆری کەسێتی کراوە، بیرێکی کراوەی هەیە) (مجید، ٢٠١٥: 40) و بابەخ بە ڕاستییە هەستپێکراوەکان دەدات.

### ١. ٣. ٢: کەسێتیی وابەستە و کەسێتیی خودبەڕێوەبەری:

بەگشتی خاوەنی ئەم جۆرە کەسێتییە توانای بڕیاردانی نییە و ناتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت، بەڵکو کەسێتییەکی لاوازی هەیە، بۆیە هەمیشە لە کەسانی دیکەوە: (باوك، دایك، خێزان، هاوڕێ،.... ) بڕیار وەردەگرێت و بە بۆچوونی ئەوان کاریگەر دەبێت، بەمەش توانای گفتوگۆکردن و زاڵبوونی بەسەر کێشە و گرفتەکاندا لاوازە، زۆرجاریش لە لایەن کەسانی دیکەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و بێ ئەوەی خۆشی هەستی پێبکات، بۆ بەرژەوندی خۆیان بەکاریدێنن) (وهبە، 2003: 96)، کەچی لە بەرانبەردا (کەسێتی خودبەڕێوەبەری)ی پێچەوانەی (کەسێتی پشتبەستوو)ە، واتە ئەم جۆرە کەسانە خاوەن کەسێتییەکی بەهێزن و خۆیان خاوەن بڕیاری کۆتایین و خۆیان بەرەنگاریی سەختی و دژوارییەکان دەبنەوە و حەزیان لە سەرکێشیکردنە و ڕۆڵی پاڵەوان دەبینن، هەندێکجار گەر بۆ بابەتێك و لایەنێك پرس و ڕاوێژیش بە کەسانی تر بکەن، بەڵام دواجار هەر ئەوە دەکەن، کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی، گوێ بە کاردانەوەکان نادەن و هەمیشە ئامادەییان تێدایە بۆ ڕووبەڕووبونەوە، لە گفتوگۆدا بەهێزن و توانای کۆنترۆڵکردنیان ئەستەمە.

### ١. ٣. ٣: کەسێتیی شەڕەنگێز و کەسێتیی ئاشتیخواز/ مرۆڤدۆست:

ئەم دوو جۆرە کەسێتیەش دژ بەیەکن، وەك (کەسێتیی شەڕەنگێز) زیاتر گوفتاری توند و ڕەفتاری شەڕاوی و هەڵچوونی زۆر و دوورە پەرێزی بەسەریدا زاڵن، هەر ئەمەش وایکردووە (دژە کۆمەڵ بێت و لەناو کۆمەڵگەش خۆشەویست نەبێت، تەنانەت بە کەسێتییەکی تاوانکار یان لادەر لەیاسا دەرچوو دەناسرێت) (صالح، 2007 :80).، لەکاتی ئەنجامدانی گوفتار و کرداری توندیدا هەست بە ئارامی و خۆشیی دەکات، لای گرنگ نییە ئەوەی کردوویەتی هەڵەیە یان دروستە، هەمیشە

نەرێنیانە بیر لەوانی دیکە دەکاتەوە و ڕەشـــبینانە لە ژیان و دەوروووبەری دەڕوانێت و گۆشـەگیرن، گوێ لە کەســانی دیکە ناگرێت و باوەڕی بە هیچ کەســێك نییە، بۆیە لای خەڵکیش خۆشەویست نییە.

بە پێچەوانەوە کەسێتیی ئاشتیخواز و مرۆڤدۆست، ئەو کەسانەن هەمیشە گەشبینن و حەزیان بە ژیانکردنە و وەك چۆن خۆیان خۆشدەوێت، بەم شێوەیەش کەسانی چواردەوریان خۆشدەوێت و ڕێزیان لێدەگرن و بابەخیان پێدەدەن، ژیان بەلای ئەمانەوە بریتییە لە (پێکەوەبوون و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێ و پاراستنی پەیوەندییەکان و قوربانیدان بۆ ئەوانی دیکە، هەمیشە لە چارەسەری کێشە و گرفتەکان دەگەڕێن و هەوڵی ئیوەندگیریی کەسانی توڕە و شەڕانگێز دەدەن و توانای بەرپرسیارییەتی هەڵدەگرن) (عواد، 2006: 105)، ئەمانە ئەگەرچی هەندێکجار کۆنترۆڵکردنیان ئاسانە، بەڵام ئەوان لە دیدگەی ئەرێنییانەی خۆیان لەوانی تر دەڕوانن، بۆیە دوچاری ئەم دۆخەش دەبن، بەگشتی ئەم کەسێتییانە لەناو کۆمەڵگەدا خۆشەویستن و ڕێزیان لێدەگیرێت.

### ١. ٤: ڕۆمان و گرنگی (کەس) لە ڕۆماندا:

ڕۆمان وەکو ڕەگەزێکی ئەدەبی ماوەیەکی دوور و درێژە سەری هەڵداوە، بە درێژایی دەرکەوتنیشی چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە؛ وەکو ئەو پێناسەیەی لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)دا هەیە؛ ڕۆمان (گێڕانەوەیەکی پەخشانی خەیاڵ ئامێزە، یان چیرۆکێکە، درێژییەکی دیاریکراوی هەیە، لەوێدا کەس و کەسایەتییەکان و کردەوەکان بەرجەستە دەکرێن، کە دەربڕینی ژیانی ڕاستەقینەی پێشینە، یان ئێستایە لە تانوپۆیەکی (حبکە) نیمچە چڕدا دادەڕێژرێت) (سەراج، 2007: 12-13)، هەرچەندە ئەمە پێناسەیەکی کۆنە بۆ ڕۆمان، بەڵام بەگشتی گوزارشت لە ڕۆمان و بنەماکانی ڕۆمان دەکات.

هەر لەم دیدگایەوە پێناسەیەکی دیکەی ڕۆمان هەیە: کە تیایدا (ئەرنست بیکەر) دەڵێت: (شیکردنەوەیەکی ژیانی مرۆڤایەتییە لە شێوازی پەخشان ئامێزدا) (مەعروف، 1999: 31)، واتە شیکردنەوەی هەموو لایەنێکی ژیان و ژیاری مرۆڤایەتییە، چ کۆمەڵایەتیی چ دەروونیی چ سیاسیی چ ئابووریی ...، هەروەها (د. عبدولفەتاح عوسمان)یش وا پێناسەی ڕۆمان دەکات، کە ڕۆمان (ڕەگەزێکی ئەدەبییە، ئەزموونی زۆر لە خۆوە دەگرێت فرەڕێبازە، لە تەکنیکدا هەمە چەشنە، دیاریکردنی مانا و خاسیەتەکانی کارێکی ئاستەنگە، هەموو ڕۆمانێکی نوێ تاقیکردنەوەیەکی نوێیە، تێڕوانینێکی تایبەتە لە تەکنیك و شێوازدا) (مەعروف، 1999: 31)، لێرەدا گرنگی و بایەخ بە لایەنی شێواز و تەکنیك دەدات.

بەگشتی لەکۆی ئەو تێڕوانینانەی خرانەڕوو، وا دەردەکەوێت، کە ڕۆمان چەند بنەما و ڕەگەزێکی پێکهێنەری هەیە لەوانە: (کەس، ڕووداو، کات، شوێن، گرێچن، بنیات، بابەت، زمان، وێنە و سیمبوڵ و پەیڤ .... هتد)، ئەمانە هەموویان بەیەکەوە بەشدارن لە پێکهاتنی بنیاتی ڕۆماندا، هەریەکێکیشیان گرینگ و پێگە و بەهای خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا لای ئێمە جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە و لەسەری دەوەستین و گرنگی پێدەدەین، ڕەگەزی (کەس)ە، کە ڕەگەزێکی سەرەکییە لە پێکهاتە و داڕشتنی ڕۆماندا.

کەواتە (کەس) وەك یەکێك لەو بنەمایانە گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە، کە دەتوانیین بڵێین: بەبێ (کەس) بنەماکانی دیکە ئەو ڕۆڵەیان نییە، لەبەرئەوەی (زمان بە تەنها دەبێتە چەند نیشانەیەکی لاڵی پەرش و بڵاو وایلێدێت هیچ واتایەك لە واتاکانی جوانی و ژیان هەڵناگرێت، ڕووداویش بە تەنها بەبێ بوونی کەسێك ڕوونادات، یا بڵێین شتێکی وا دەگمەنە، چونکە هەر کەسە، کە ڕووداو دێنێتە ئاراوە و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئەنجامی دەدات و بەڕێوەی دەبات، بە هەمان شێوە شوێنیش ئەگەر کەسێك نەبێ تیایدا نیشتەجێ بێت، ئەوا شتێکی دابڕاو و پووکاوە و بێ واتایە و بوون و نەبوونی وەك یەك وایە) (عەبدوڵلا، 2000: 5)، بە واتایەکی دیکە؛ (کەس) ڕەگەزێکی دیکەی ڕۆمانە و پانتاییەکی فراوان لە دەقی ڕۆمان پێکدەهێنێت، چونکە وەك کەس/مرۆڤێك خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە، کە بەهۆی بەشداریکردنی لەگەڵ پێکهاتەکانی تری ڕۆمان بەدیار دەکەوێت، ئەمەش بەچەند ڕێگەیەك لە لایەن ڕۆماننووسەوە دەتوانرێت ئاشکرا بکرێت، گرنگی بوونی (کەس) لەناو دەقی ڕۆماندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕەگەز و پێکهاتەکانی تری ڕۆمان پێکەوەببەستێتەوە و بەرەو پێشەوەیان ببات، وەك: (شوێن، کات، ڕووداو، گرێ...)، چونکە هیچ یەکێك لەم ڕەگەزانە بەبێ بوونی (کەس-ەکان) ڕوونادات، بەتایبەتی ڕووداو، لەبەرئەوەی دیاریکردنی ڕۆڵ و کاریگەریی (کەس) بەهۆی کەسێتییەکەوە، هۆیەکە بۆ دەستنیشانکردنی ڕووداو، هەروەها ڕۆڵی (ڕووداو)یش هۆیەکە بۆ گۆڕانی کەسێتیی کەسەکان و پەرەسەندنیان بەو مانایەی (کەس ئەو ڕووداوە دێنێتەکایەوە بە شێوەیەك ئەنجامی دەدات، کە مایەی سەرسوڕمانە، بەهەمان شێوە شوێن و ڕووداویش ئەگەر کەسێك نەبێ تێیدا نیشتەجێ بێت و تێیدا بجووڵێتەوە، ئەوا شتێکی دابڕاو و بێ مانایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەك لەم ڕەگەزانە ناتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، هەر بۆیە گرنگی ڕۆمان لە ڕێی پشتبەستن بە چۆنیەتی خستنەڕووی کەسێتیی کەسەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، وە لە ڕێی گۆشەنیگای یەکێك لە کەسێتییەکانی ڕۆمانەکە هەموو ڕەگەزەکانی دیکە پێشکەشدەکرێن.

### ١. ٥: پێگەی کەس و کەسێتی لە ڕۆماندا:

بێگومان (کەس) و (کەسێتی) پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ئاوێتەیان بەیەکەوە هەیە و لێکجوداکردنەوەیان بە ڕادەیەك ئەستەمە، چونکە هەموو کەسێك خاوەن کەسێتییەکی دیاریکراوە، کە لە کەسێتی هەر کەسێکی دیکە جیاوازە، ڕەنگە چەند کەسێك خاوەن یەك کەسایەتیین، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئەم لێکچوونە ڕەها و گشتی نییە، ئەگەرچی پێشووتر لە کەس و کەسێتی دواین لە ئاستی کۆمەڵ و واقعی ژیاندا، بۆیە دەقی ڕۆمانیش وەك ژینگەیەکی سەربەخۆ تێین لەم جۆرە کەس و کەسێتییانە، بۆیە جوداکردنەوەی کەسێتی و کەس لە ڕۆماندا کارێکی زۆر گرنگە، بەڵام بەداخەوە هەندێك لە توێژینەوەکان بەتایبەتی لە نامە ئەکادیمییەکاندا جیاوازیان لە نێوان چەمکی (کەس) و (کەسێتی)دا نەکردووە، هەردوو چەمکەکەیان وەک یەك بەکارهێناوە، لەکاتێکدا ئەمانە دووشتی جیاوازنئەم تێکەڵاوکردنەی کەس و کەسێتیی لای ئەم توێژەرانە دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵاوکردنی واتای وشەکان لەکاتی وەرگێڕانیاندا لە عەرەبییەوە بۆ کوردی،کە زاراوەی (الشخصية)ی عەرەبی بەرانبەر بە (کەس) و (الشخص) بەرانبەر بە (کەسێتی)ی کوردی بەکارهاتووە.

لەم ڕوانگەیەوە زمانەوان (نەوم چۆمسکی Noam Chomsky 1928- ..) لەبارەی ڕۆمان و گرنگی و پێگەی (کەسێتی) دەڵێت: (بەهۆی خوێندنەوەی ڕۆمان فێردەبین و ئەوەندە زانیاریمان دەستدەکەوێت لەبارەی کەسایەتییەوە چۆن بیردەکەنەوە و هەستیان دەبزوێ و هەڵسوکەوت دەکەن؛ لەوە زۆرتر کە دەروونزانی سروشتیمان فێر بکات) (سەراج، 2007: 13)، لەبەرئەوە ئەو کەسێتییەی، کە لە ڕۆماندا هەیە، ئەگەرچی هەندێکیان واقعی نین، بەڵام زۆربەیان ڕەنگدانەوەی ناو کۆمەڵگەن، ئەمەش وا دەکات زانیارییەکی باشمان دەستبکەوێت لەبارەی (کەسێتی)یەکان، ئەوەش گرنگی کەسێتی و پێگەکەی دەردەخات؛ چونکە کەسێتی خۆی یەکێکە لە لایەنە بابەتی و

هونەرییەکانی ڕەگەزی (کەس)ی لە ڕۆماندا، کە (ڕۆماننووس بەهۆی چەند ڕێگەیەکی جوداوە دەتوانێت ئاشکرایان بکات و ڕوانینی خۆی لەگەڵ جولانەوەی کەسێتی نێو دەقەکە ئاوێتە بکات) (هادی، 1999: 139)، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ڕۆماننووس خۆی مرۆڤە و لە ناو کۆمەڵگەدا دەژی، ئەوەش وا دەکات کە لایەنە مرۆڤایەتییەکەی لەناو نوسینەکانی ڕەنگبداتەوە، چونکە ڕۆمان و (چیرۆك هەر لەسەرەتا بەستراوەتەوە بە مرۆڤ و ڕەنگدانەوەی لایەنێك وەیان چەند لایەنێکی ژیانی ئەو مرۆڤە، جا ئەگەر زانیمان ئەو -ڕۆمانە- خۆیان لەناو خۆیاندا لە داهێنان و دروستکردنی مرۆڤن) (سابیر، 2001: 145)، ئەم ڕەنگدانەوەش گوزارشت لە کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکە دەکات، چونکە ڕۆمان بە (ناساندنێکی کراوە و ڕاستەوخۆ گوزارشت لە دەربڕینی هەستی کەسێك و بە بەهێزی بیروڕاکان وەستاوە) (هادی، 1999: 146)، وەکو گوترا (کەس) ڕەگەزێکی سەرەکیی و گرنگی ڕۆمانە، چونکە هەر ئەوانن دەبنە هۆی پێکەوەگرێدانی هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دیکە (زمان، کات، شوێن...)، وەك: (کەسەکان زمان دروست دەکەن و وەسفی ئەو دیمەنانە دەکەن، کە بەلایانەوە جوانن، هەر ئەوانیشن ڕوداوەکان ئەنجامدەدەن و کێشە و ململانێ بەرپادەکەن، یاخود بەهۆی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و کردار و سۆز و ئارەزووەکانییانەوە ئەو ململانێ و کێشەیەی هەیە زیاتر و گەورەتری دەکەن) (عەبدوڵلا، 2000: 6).

لەم سۆنگەیەوە پێشتر (کەس)ەکان لە (داستانە ئەفسانەیی)ەکاندا (کەسێتی) خۆیان لە (خواوەند و نیمچە خواوەند)دا دەبینییەوە، کە لە تواناو کردار و بیرکردنەوەیاندا لە کەسی ئاسایی جیاواز بوون، بەڵام ئێستا (کەسی ناو ڕۆمانەکان لە کەسێتی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرن و بە تەواوی لایەنە ڕووکاری و هەڵسوکەوتی و بیری و دەروونییەکانی)(عبدالله، 1994: 2) بەرجەستە دەکەن، چونکە ڕۆماننووس خۆی کەسەکانی ناو ڕۆمان دروستدەکات و هەڵیان دەسوڕێنێت و کەسێتییان لە ڕەوشت و کردەوەکانیان بۆ دروستدەکات، تا بتوانێت بەشێوەیەکی دروست و شیاو کردەوەی کەسەکان پیشانی خوێنەر بدات، چونکە (هیچ کەسێك هەموو ئەزموونە نهێنی و هەموو هیوایەتەکانی و ترسەکانی و سۆزەکانی بۆ کەسێکی تر نادرکێنێت هەرچەندە لێیەوە نزیك بێت، ئەستەمە بە تەواوەتی ڕەوشتی کەسەکان بزانیت، مادام مێژووی ژیانی لە سەردەمی منداڵیەوە نازانیت، بۆئەوەی کەسێکی ڕاستەقینەت لە ڕۆماندا دەستکەوێت، کردەوەی وەهمی بۆدروست دەکەیت، ئەمەش وەك ئەوە وایە، کە تەلارێك دروست بکەیت بەبێ بناغە و بنیاتێکی بەهێز) (بلشن، 1981: 57)، بە واتایەکی دیکە: ڕۆماننووس توانای دەستبەسەرداگرتنی کەسێتیی کەسەکانی ناو ڕۆمانەکەی لە لایەنی: هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیان و ئاراستەکردن و پێوەندی و گەشە و دەرکەوتن و دەرنەکەوتندا هەیە، چونکە (بیناتی کەس پەیوەستە بە توانای ڕۆماننووس، لە دروستکردن و داهێنان و تێگەیشتن و لە خۆگرتنی جیهانی کەس وچۆنیەتی گەشەپێدانی) (علاوی، 1987: 87)، دیارە کەسەکانیش لە ڕۆماندا بەپێی پێکهاتە و چنینی ڕۆمانەکە ئەرك و کاریگەریی جیاوازیان هەیە، چونکە هەموویان وەك یەك ئەرك و کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ناو ڕۆماندا نییە، کەس هەیە بەهۆی کەسێتییەکەی ڕۆڵێکی کاریگەر و سەرەکی هەیە، بە پێچەوانەوەشەوە.

کەواتە کەسێتیی کەسەکان پێویستییێکی ڕۆمانە، بێ بوونی کەسێتی ڕۆمان وەك لاشەیەکی بێ گیانە و بوونێکی سارد و سڕی دەبێت، لەم بارەیەوە (جۆن برین) ئاماژە بە سەنگ و بەهای کەسێتیی دەکات پێیوایە؛ کە (ئەگەر تۆ کەسێتییەکانت لا بێت ئەوا بە دووری مەزانە چیرۆکێکت لا دروست ببێت) (هادی، 1999: 146). کەواتە گرنگی کەسێتی کەسەکان لە چیرۆك - ڕۆماندا لەوەوە دەردەکەوێت، کە نووسەر و خوێنەر هەردووکیان گرنگی بە کەسێتی دەدەن؛ چونکە نووسەر بەهۆی کەسێتی و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسەکانەوە بیروباوەڕی خۆی دەردەبڕێت و بنیات و بناغەی ڕۆمان و چیرۆکەکەی دادەنێت، خوێنەریش بە هۆیەوە لە پەیامەکەی دەگات، سەرەڕای چێژوەرگرتن ئەوە لەلایەنی مەعریفیی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و دەروونیی و سوودی لێوەردەگرێ، (بڕوانە: قەرەچەتانی، 2010: 36)، چونکە دواتر خوێنەریش وەکو هەر تاکێك لە کۆمەڵگە و بەڕێوەچوونی باری ژیانی ڕۆژانەی و گفتوگۆ و دانوستان و مامەڵە لەگەڵ دەووروبەرەکەی و کەسایەتی هاوبیر و دژە بیر دەکات، لەم کاتەشدا سوودی لێوەردەگرێ، دواتر هەر خوێنەر خۆی ڕۆمانێکی نەنووسراوە!.

### ١. ٦: جۆری کەس و کەسێتی لە ڕۆماندا:

نووسەری ڕۆمان بۆ ئەوەی کەسایەتییەکی گونجاو و بەهێز بخاتەناو دەقەکەیەوە دەبێت بەرلەوە سەرنجی ئەوە بدا و ئەو پرسیارە لەخۆی بکات؛ ئایا ئەم (کەسێتی)یە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەو ڕووداو و کارەساتانەی ناو دەقەکەدا هەیە؟ ئایا ڕۆماننووس دەسەڵاتی بەسە ڕداشکانی وەسفی کەسێتییەکەی هەیە؟

چونکە کەس و کەسێتی لە ڕۆماندا چەند دروستکراوی دەستی نووسەرەکەی بێت، تەنانەت ئەگەر لە یەکێك لە قۆناغەکانیشدا ڕەگ و ڕیشەیەکی واقعی هەبێت، ئەوە ئەوەندەی یەکەم هەنگاوەکانی لەنێو ڕۆمانەکە هەڵهێنا، ئیتر ژیانێکی سەربەخۆی دەبێت و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕۆماننووسەکە، لە هێنان و بردن، ڕۆمانووس بەرپرسە لە دروستکردنی کەسێتییەکە و وەسفکردنی، دواتر بەپێی ڕێڕەوی گێڕانەوەی بابەت و ڕووداو و کات و شوێن، زەمینە و بارودۆخ وەردەگرێت، بە واتایەکی دیکە؛ ئەگەرچی ڕۆماننووس بەر لە دەستپێکی ڕۆمانەکەی جیهانبینی و ئارەزوویەك و وێنایەکی لە خەیاڵدا هەیە، دەیەوێت لە ڕێگەی کەسێتی/ کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکەی بەرجەستەی بکات، بۆیە ڕۆماننووس بەرپرسە لە هەڵبژاردنی کەسێتی و پێسپاردنی ئەو ئەرکە بە کەسێتییەکە، بەمەش لە بەدواداهاتنی ڕووداوەکان و بەپێی ڕەوتی گێڕانەوەکان و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان و کاردانەوەکانیان، (ئەرێ، نەرێ)، حاڵەت و دیاردەی کەسێتییەکان کەڵەکە دروستدەبن، بەمەش جۆرێك لە کەسێتی بۆ کەسایەتییەکان (بەپێی ڕووداو و گێڕانەوەکانی پێشوو) لای خوێنەر دروستدەبێت، واتە کەسێتیی لە ڕۆماندا وردە وردە لە ئەنجامی پراکتیکدا ئەدگارەکانی خۆی بەدەستدێنێت، چونکە ئەگەرچی وەسف پێویستییەکی ڕۆمانە بۆ هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆمان، بە تایبەتیش ناسینی (کەسێتی)ی کەسانی ناو ڕۆمان، بەڵام بە تەنیا بەس نییە و ناشتوانێت ئەو ئەرکە بگرێتەخۆ، بەڵکو کەسێتی لە بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانی ناو ڕۆماندا زیاتر بەدەردەکەوێت، کەواتە کەسێتیی بەشێکە لە پێکهاتە و ئەدگاری کەس/ کارەکتەر، کە خۆیشی ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهێنەرە و پانتایەکی زۆر لە ڕۆماندا داگیردەکات، هەر بۆیە زۆرجار دەگوترێت، کە سیفەتی کەسایەتییەکان؛ ڕووداو دەستنیشاندەکەن، ڕووداویش لە ڕۆڵی خۆیدا کەسایەتییەکان دەگۆڕێت و پەرەیان پێدەدات.

لەم دیدگەیەوە کەسێتی لەناو دەق بەگشتی و ڕۆمان بە تایبەتی، زیندەوەرێکە لە وشە پێکهاتووە و ژیانی تەنیا لە ناو لاپەڕەکاندا بەسەر دەبات، هەڵبەتیش کەسایەتی و پاڵەوانی نێو دەقە ئەدەبییەکان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە و لە کۆمەڵگە و چینێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت و ڕۆڵ و ئەرکی جیاش دەبینێت، ئەوەتا ئەگەر سەیری کەس و پاڵەوانی سەردەمی (گریك - یۆنان) بکەین تا کو ئێستا بەردەوام گۆڕاون، وەك لە (ئەلیادە و ئۆدیسە)ی (هۆمیرۆس)دا پاڵەوان بەشێوەی خواوەند و کەسایەتی نیوە خواوەند و مرۆڤ، لەوێشەوە بۆ مرۆڤێکی چەوساوە و دواتر بۆ مرۆڤێکی ئاسایی و دواتر بۆ مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و قەڵەم

بەدەست....هتد، گۆڕاوە، ئەم گۆڕانەش ڕەنگدانەوەی لایەنە ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکەتی، هەروەکو (تیۆری ڕەنگدانەوە) ئاماژەی پێکردووە، کە (سەرخان) ڕەنگدانەوەی (ژێرخان)ە، ژێرخانیش بە سەرخانەوە کاتێکراو دەبێ، کەواتە بابەتەکە مەسەلەی کارتێکراو و کارتێکەرە، هەر (بەم ڕەنگەش (کەسێتی) و پاڵەوان لە سەردەم و قۆناغ و کۆمەڵگە و چینێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە) (عەبدولکەریم، 2005: ٩٧- 98) و بەردەوام لە گۆڕاندایە.

## ١. ٧: جۆرەکانی (کەس) لە ڕۆماندا:

(کەس) لە ڕۆماندا هەبوونێکی پێویستە، جۆری (کەس)ەکانیش بەپێی ئەرك و کاریگەریی لە پێکهاتەی بنیاتی ڕۆماندا ڕۆڵی جیاوازییان هەیە، بە شێوەیەکی گشتی و بەپێی زۆرینەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم بارەیەوە کراون، دوو جۆر (کەس) لەناو ڕۆماندا هەن: ئەوانیش (کەسی سەرەکی و کەسی لاوەکی)ین.

### ١. ٧. ١: کەسی سەرەکی/ شاکەس:

شاکەس یا خود کەسی سەرەکی؛ ئەو کەسەیە، کە ڕۆڵێکی دیار و کاریگەر لە هەڵسوڕاندنی ڕوداوەکاندا دەبینێت و گرنگییەکی زۆری لە پێکهاتەی ڕۆمانەکەدا هەیە، بە واتایەکی دیکە ئەو کەسانەن، کە (نووسەر ڕاستەوخۆ ناویان دەهێنێ و دەوور و ڕۆڵی سەرەکیان لە گێڕانەوە و گۆڕانی ڕووداوەکاندا هەیە، بەپێی هەڵسوکەوتییان وەسفیان دەکات) (ئامێدی، 1999: 14)، واتە کەسی سەرەکی زۆربەی ئەو کار و ڕووداوانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجامدەدات و ڕۆڵی سەرەکی لە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا دەبینێت؛ بەم پێیە کەسی سەرەکی (ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەتەقێنێتەوە و لە زنجیرەی ڕەوتی ڕۆمانەکەدا وەکو تاڵەدەزویەك وایە و جوڵە و ڕووداو و کەسە لاوەکییەکان پێکەوە دەبەستێتەوە) (عەبدوڵلا، 2000: 13)، واتە خۆی شاکەسە و توانای دەسەڵات بەسەر داشکانی ڕووداوەکانی هەیە، بۆیە ئەو بەها زۆرەی کە کەسایەتییەکان لە ناو ڕۆمانی نوێدا هەیانە وایان لە لێکۆڵەرە ڕۆمانوسەکان کردووە، کە کەسایەتی بە بنچینەی ڕۆمان دابنێن و شێوەی ڕۆمانیش بۆ ئەوە دروست بێت، تاکو گوزارشت لە کەسایەتییەکان بکات.

ڕۆمانووس لەبەر پێداویستی تەکنیکی و هونەری زۆر جار بنیاتی گێڕانەوە دەسپێرێتە کەسی سەرەکی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی نێوان کەسی سەرەکی و کەسانی تر بەهێز بێت و ئاگای لە زۆر کێشە و ململانێی دیکە هەبێ، بۆیە ڕەخنەگرێکی وەکو (جۆرج لۆکاش)ی (کەسی سەرەکی بە پاڵەوانی گرفتار) (عوسمان، 2010: 172) ناو دەبات.

### ١. ٧. ٢: کەسی لاوەکی:

ئەو کەسانەن، کە ڕۆڵێکی لاوەکییان لە جووڵە و ڕەوتی ڕووداوەکاندا هەیە، بۆیە لەکاتی گێڕانەوەدا ڕۆمانووس (نازناو و ئیش و کاریان دەستنیشان یا وەسف دەکات و بەشێوەیەك ناویان دەبات و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات) (عەبدوڵلا، 2000: 16)، ؛ ئەمەش مانای ئەوەنییە، کە هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەوە نەبێت، بەڵکو لەوانەیە (ڕۆڵی ئەو کەسە لاوەکیانە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم، لە ڕۆڵی شاکەس کەمتر بێت، چونکە ڕۆمان بریتییە لە کێشانی وێنەی ژیان بەشێوەیەکی هەمە لایەنە، ژیانیش هەموو جۆرە کەسێکی تێدایە) (گەرمیانی، 2019: 264)، لەبەر ئەوەی ژیان کۆمەڵێك کەسی تێدایە لەوانەیە تەنیا کەسە سەرەکییەکان دیار بن، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە کەسە لاوەکییەکان نەبێت، بەڵکو دەتوانین بڵێین بەبێ بوونی کەسی لاوەکیی کەسە سەرەکییەکانیش بوونیان نییە، واتە ئەمانە خۆیان لە پشت شاکەس شاردۆتەوە و کەمتر بەدیاردەکەون، ئەمە جگە لەوەی، کە (پەیوەندی نێوان کەسە سەرەکی و کەسە لاوەکییەکانی نێو چیرۆك پێوەندیەکی پتەو و بەهێزە و هەریەکەیان بە تەواوکەری ئەوی دی دادەنرێت، چونکە ئەو کەسانە وەك هەر بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، بە تەنیا ناژین و لە دەورووبەر دانابڕێت، بەڵکو بە بەردەوامی چەند پێوەندییەکی ئاڵۆز بە یەکیانی دەبەستێتەوە) (سابیر، 2001: 174) ئەمە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە پەیوەندییان لە ڕووی پێکهاتنەوە ئەوەیە هەردووکیان مرۆڤن، واتە ئەگەرچی یەکیان ڕۆڵی سەرەکی و ئەویتریان ڕۆڵی لاوەکی بگێڕێ، بەڵام هەردووکیان لە بنەڕەتدا مرۆڤن.

کەواتە کەسی لاوەکی کەسێکی سادەیە و نموونەی زۆرە لە ژیاندا و لە کردەوەکانییدا زۆر ئاڵۆز نییە، تێگەیشتن لێی زۆر زەحمەت نییە، ڕۆمانوس ئەم کەسە لاوەکییانە بۆ خزمەتی کەسە سەرەکییەکان بەکاردەهێنێت، چونکە کەسە سەرەکییەکان مەبەستی ڕۆمانووسە، هەندێکجاریش ڕۆمانووس بۆ زیاتر تێگەیشتن لە لایەنە شاراوەکانی کەسی سەرەکی، کەسی لاوەکی بەکاردەهێنێت تا زیاتر کەسێتییان بخاتەڕوو، بەمەش کەسی لاوەکیش ڕۆڵێکی دیاری لە بنیاتی گێڕانەوەی ڕۆمان و چیرۆکدا هەیە، زۆرجار لە شیکردنەوەی هەندێ لایەنی شاراوەی کەسی سەرەکی، وەکو ڕۆشنایی خستنەسەر لایەنی نادیاری، یا شاردنەوەی هەندێك لە نهێنییەکانی کەسی سەرەکی بەشدارە، زۆرجاریش ئەم کەسە لاوەکییە لە بنیاتی گێڕانەوەدا ڕۆڵی پێچەوانەوەش دەبینێت، چونکە بیروبۆچوون و ئایدیایی و بەرژەوەندی لەگەڵ شاکەس دا نییە، تەنانەت دەبێتە لەمپەر و کۆسپ لەبەردەم کارەکانی، (عوسمان، 2010: 181- 182)، بەم جۆرە کەسی لاوەکی بەشداری ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان دەکات.

## ١. ٨: جۆری کەسێتی بەپێی سروشت و ڕۆڵی لە پێکهاتەی بنیاتی کەسایەتییەکاندا:

هەڵبەتە هەر کەسێك کەسێتییەکی تایبەتی خۆی هەیە و لە گوفتار و ڕەفتار و کاردانەوەکانییدا بەدیاردەکەوێت، زۆرجاریش بەپێی ڕووداو و حاڵەت و کات و شوێن و ... کەسێتییەکەی دەگۆڕێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ لەناو دەقی ڕۆماندا ڕەنگدەداتەوە، کەسەکانی ناو ڕۆمان: (کەسی سەرەکی و کەسی لاوەکی) کەسێتییەك یان چەند کەسێتییەکیان لە ڕەوتی ڕۆمانەکەدا بەپێی ویستی ڕۆمانووس، بۆ دروستدەکرێت و لە ڕێڕەوی گێڕانەوەش لەکاتی خوێندنەوەدا بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، وەك کەسێتیی (ساکار و بەگرێ، یا کەسێتی سەنگین و گاڵتەجار، کەسێتی ئاسایی و شاناز، کەسێتی ڕەسەن و کارتۆنی، کەسێتی واقیعی و خەیاڵی و عاجباتی، کەسێتی ڕاستەقینە و هێما ... ) (سەراج، 2007: 12- 13).

بە واتایەکی دیکە؛ گرنگی کەسێتی لە ڕۆماندا بەهۆی بەکارهێنانی شێوازی ڕۆمانووس بەرجەستە دەبێت کاتێك هەوڵی دیاریکردنی ئەو ڕۆڵە دەدات، کە دەیخاتە ئەستۆی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە، ئەویش بەپێی سروشتی ڕۆڵی لەپێکهاتەی بینای کەسایەتییەکان لەدوو جۆرەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوانیش کەسێتی پەرەسێن/ گەشەکردوو و کەسێتی سادە/چەسپاون.

### ١. ٨. ١: کەسێتی پەرەسێن:

هەموو کەسێك- مروڤێك خاوەن کۆمەڵێك بیروبۆچوونی تایبەت بەخۆیەتی سیفەت و پێکهاتەی تایبەت بەخۆیەتی و لە ئەنجامی کاریگەریی ڕووداوەکاندا کەسێتییەکەی دەردەکەوێت، کاتێکش ئەم کەسێتییە گێڕانەوەی ڕووداوی ڕۆمانەکە بەڕێوەدەبات بەهۆیەوە هەڵوێست و کار و کردەوەی تازەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام (کاتێك ڕۆمانووس دەیەوێت کەسی سەرەکی وەك کەسێتی پەرەسێن پیشانبدات، سەرەتا هەموو لایەنەکانی ناخاتەڕوو) (خدر، 2012: 102-103)، بەڵکو وردە وردە بەپێی

بەرەوپێشچوون و پێشکەوتنی ڕووداوەکان پەرەدەستێنن ئاشکرا دەبن، بەمەش گوفتار و ڕەفتار وچالاکی تازەی لێ دەردەکەوێت.

بە واتایەکی دیکە: (کەسێتی پەرەسێن) بریتییە (لە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز لەسەر حاڵەتێکی تایبەت، سەقامگیر نابێت و خوێنەر ناتوانێت پێش وەخت چارەنووس و سەر ئەنجامی دیاری بکات و بزانێت چی بەسەردێت و چی دەکات) (عەبدوڵلا، 2000: 14)، لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت؛ (کەسی سەرەکی کەسێتیەکی پەرەسێن)ە؛ چونکە (کەسە سەرەکییەکان، کەرۆڵی سەرەکی لە چیرۆك - ڕۆماندا دەگێڕن و تەوەرەی (چیرۆك -ڕۆمان)ەکە پێکدەهێنن، ئەو کەسانە دیارترین جیاکەرەوەکانیان ئەوەیە، کە پەرەسێنن، واتە بەردەوام دەگۆڕێن) (سابیر، 2001: 174)، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ڕۆماننووس بە وێنەکێشانی ئەم کەسێتیانە ماندوو دەبێت، چونکە هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ بەرجەستەکردن و ڕووچوون بەناو نهێنیەکانییدا و ئاشکراکردنی سیفەتە گۆڕاو و جۆراوجۆرەکانی دەخاتەکار.

**١. ٨. ٢: کەسێتی چەسپاو/ سادە:**

کەسێتی سادە ئەو کەسە ساکارەیە، کە (لە ڕووی چۆنیەتییەوە لەیەك حاڵەتدایە و هەست و سۆز و قۆناغەکانی ژیانی بە شێوەیەکی گشتی لەیەك ئاست و شێوەدا دەمێنێتەوە، گۆڕانی بەسەر دانایەت و گەشە ناکات و بەرەو پێش ناچێت) (سابیر، 2001: 176)، بۆیە دەتوانین بڵێین: کەسێتی سادە، کەسێتی لاوەکییە؛ چونکە (گرنگترین خاسیەتی کەسە لاوەکییەکان ئەوەیە کە شێوەیەکی سادەیان هەیە، خاوەن کەسێتییەکی سادە و ئاشکران و تا ڕادەیەکیش بە ئامادەکراوی وەك خۆیان وەردەگیرێن و هەر بۆیە نموونەیان لە واقیعدا زۆرە و ئەو کەسانە تا ڕادەیەکی تەواو خاسیەت و سروشتیان لەو کەسانە دەچێت کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا چەندان جار ڕووبەڕوویان دەبینەوە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەین و بەسەریان ڕەت دەبین و بێ ئەوەی کاریان تێ بکەین و یان کارمان لێ بکەن) (سابیر، 2001: 176)، واتە چینی سادەی کۆمەڵن، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت هیچ ڕۆڵ و ئەرکیان لە بەرەو پێشچوونی ڕەوتی ڕووداو و ڕۆمانەکە نەبێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە کەسێتی سادە (گرنگی کاریگەری ئەم کەسێتیانە لە گرنگی و ڕۆڵی کەسێتییە پەرەسێنەکان کەمتر نییە) (عەبدوڵلا، 2000: 16)، چونکە یارمەتی باشی خوێنەر دەدەن بۆ ئەوەی لایەنە نادیار و شاراوەکانی کەسێتی پەرەسێن بزانن.

## ٢. کەسێتی لە ڕۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کۆژراوەکان)دا:

بەگشتی (کەس) ڕەگەزی بنەڕەتی ڕۆمانە، لێرەدا کەسەکانی ناو ئەم ڕۆمانە بریتیین لە؛ (***بایز، هەمین، باپیر ئاغا، سڵێوە، هۆمەری سەرکار، چەلەبی، کەریم مەیتەر، کانەبی، خدر، مارخۆی هاودیانێ، مەلا وسوی چاوڕەش، ئەحمەدی کامەلا، عالی مێرمەمە، ڕەسو خۆشناو، ڕەشاغە، بۆداغ بەگ، مامێسی کاوان، مەلۆکی میرعاج، میری ڕۆستێ، عەلی عەجەم، مەیاس، فاتە کوڕانی، خدری پاشا، خەسرەو بەگ، سایلی قاوەچی، غەزالی مام وسو، ڕابێ، زولەیخای چاوتیل، خازێ، مریەم، ئەسمەرێ کابایزی، ڕەوشەنی مەلا نادر، خەجیجێ ڕەحانی، جەواهیری وەسانەخێلی، حەلیمەی بادینی، زولەیخای حەمە سالانە، فاتم، شێمەی دوکاندار، ڕەسوڵ کەساس، زێڕین، سۆفی برایم، ئەمین ئاغا، عەلی شوێن هەڵگر، مامەند، عەیشێ، سایل، سیامەند ئاغا، شێخ قادر، مام ڕەشید، عەونی زۆرناگێڕ، کارەبا، زارێ، عەولا قەدۆ، برایم بەگی سەرکەپکان، عەونی موفتی زادە، قەرەنی جامباز، بابەکر ئاغا***)ن.

بنیاتی ڕۆمانەکە جگە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دیکە لەسەر (کەسی سەرەکی) و (کەسی لاوەکی) وەستاوە، کە هەریەکێکییان کەسێتی خۆیان هەیە، بەشێوەیەکی گشتی کەسێتییەکانیش گوزارشت لە چینەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردیی دەکەن، کە لەسەردەمێك بەدەست کۆتوبەندی دواکەتوویی داب و نەریت و نەخوێندەواری دەیناڵاند، ئەمەش وایکردووە ژیانێکی ناخۆش و پڕ لە دەردەسەری تێپەڕێنن، ڕۆمانەکە لەسەر زاری (کەسی سێیەمی تاك) دەگێڕدرێتەوە، چونکە (کاتی ڕابردوو) لە دەستپێکی ڕۆمانەکەدا بە زەقی دیارە، وەك: (کە ئاوڕت دایەوە پێدەشتێکی پان و بەرینت جێ دەهێشت......... ) (حەسەن، 2005: 79).

**٢. ١: کەسێتی کەسە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە:**

هەروەکو لە پێشووتر باسی (کەسی سەرەکی/شاکەس)مان کرد، کە دەبێتە چەقی ڕۆمان و ڕووداوەکان لە دەوری دەخولێنەوە، تاڕادەیەکی زۆریش توانا و دەسەڵاتی بەسەرداشکانی ڕووداوەکانی هەیە، هەرلەم ڕوانگەیەوە کەسە سەرەکییەکانی ناو ئەم ڕۆمانە: (بایـــز و هەمـین)ن.

**٢. ١. ١: (بایز)؛** کە یەکێکە لە دوو کەسە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە، ئەم کەسەکە لە ژیانییدا تووشی زۆرترین ناخۆشی و تاڵی ژیان بووە، وەك زۆربەی تاکی کورد داماو و لێقەوما و و بێدەسەڵاتە؛ سەرەتا (بایز) وەکو زۆربەی کەسەکانی دیکە لە گوند لە دایکبووە و ژیاوە، ژیانی بە خزمەتکردن و نۆکەری کردنی (ئاغا) تێپەڕاندووە، کارەکەشی (سەپان)ی ئاغا بوو؛ دواتر بەهۆی دەنگ خۆشییەوە بۆتە (حەیرانبێژ)ی دیوەخانی ئاغا، دوای بوونی بە (حەیرانبێژ) ئیتر ژیانی بە شێوەیەکی دیکە دەگۆڕێت و ژیانی ڕاستەقینەی دەستپێدەکات، چونکە لە یەکێك لە (شایی)ەکان، کە شایی (کەریم مەیتەر) بوو، ژنەکانی ئاغا داوا لە ئاغا دەکەن (بایز)یان بۆ بنێرێتە ناو ژنان تا (حەیران و لاوك و بەستە)یان بۆ بڵێت، کاتێك (بایز) دەچێتە ناو ژنان و دەست بە حەیران گووتن دەکات، خۆشەویستی ڕاستەقینەی خۆی دەبینێت و دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ئافرەتێکەوە کە ناوی (هەمین)ە؛ خۆشەویستییەکەشیان هەر ئەوکاتە دەست پێدەکات، کە هەردووکیان نیگا ئاڵوگۆڕ دەکەن، هەر لەوێش خۆشەویستییەکی قووڵ لە نێوانیاندا دروست دەبێت (.... کت و پڕ، وەك لە ئاسمان کەوتبێتە خوارێ، بینیت کەیل و کاس، گێژ و حۆل بەناو پۆلی کچان و ژناندا دەخولایەوە، کەوگیر و قاپی لێ دەرکەوتن، ڕەنگی گلەیی لە چاوانی مردووە، لە پشت ڕیزێك لە ژنان تێدەڕوانی....) (حەسەن، 2005: 121).

کرۆکی بابەتەکە لێرەدا پیشاندانی بابەتێکی (دەروونی و کۆمەڵایەتی)یە، ئەویش خۆشەویستییە، خۆشەویستیش لەناو کۆمەڵگەی کوردیی بەگشتی و لەناو خێڵە عەشایرگەرەکان بەتایبەتتر نەك هەر زەحمەتە، بەڵکو زۆریش ئەستەم و دژوارە، کە دوو کەس یەکتریان خۆشبوێت و بە ئاشکرا خۆشەویستی ئاڵوگۆڕ بکەن و تووشی هیچ ڕێگرییەك نەبن، بەتایبەت ئەگەر لە نێوان دڵدارەکان (کوڕ و کچ)ەکە جیاوازی چینایەتی هەبێت؛ واتە ئەو خۆشەویستییە لە نێوان چینی سەروو و چینی ژێردەستەبێ!

هەربۆیە (هەمین و بایز) ناچاربوون ئەو ڕێگەی تەقلیدە بەکاربهێنن، کە لەناو کورددا لەسەردەمی زوو زۆر باو بووە، ئەویش (هەڵاتن/ ڕەدووکەوتن)ی خۆشەویستانە بۆ شوێنێك، کە خەڵکی ئاواییەکەی خۆیان دەستیان پێیان نەگات، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت ژیانێکی ئارام و خۆش بەیەکەوە بەنەسەر؛ لەبەر ئەوە (بایز و هەمین) گوندەکەی خۆیان بەجێدەهێڵن و ڕوو لە شاری (هەولێر) دەکەن و خۆیان لە ترسی ئاغا و باوك و براکانی (هەمین) حەشاردەدەن.

(بایز) هەتا لە گوندبوو، لە هەردوو کارەکەییدا (سەپان، حەیرانبێژ- بەستەبێژ) کەسێتییەکی ترسنۆك و ئارام و پەیوەست نەبوو بە ئایین و (گوێڕایەڵ بۆ ئاغا) و شەرمنی هەبوو، هەتا شەرمنییەکەی بە جۆرێك بوو؛ ئەگەر ترسی (ئاغا) نەبووایە، نەدەبووە (حەیرانبێژ)، چونکە قسەی ئاغا لە گوندا ڕەتکردنەوەی بۆ نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی (بایز) دێتە (شار) گۆڕانێکی بنەڕەتی و پێچەوانە لە کەسێتییەکەی ڕوودەدات، ئەویش لەبەر ئاشکرانەبوونی لە ترسی ئاغا و پیاوەکانی و براکانی هەمین، بۆیە بەناچاری خۆی دەکاتە پیاوی تەریقەت، دەبێتە دەروێشی تەکیەی (شێخ قادر)، بێگومان ئەم کارەشی بەپێشنیازی خۆشەویستەکەی و لەبەر پاراستنی گیانی خۆی و (هەمین)ی خۆشەویستی هەڵبژاردووە، چونکە (هەمین) داوای لێکردبوو بێتە دەروێش کاتێ پێیدەڵێت: (.... بایز خۆت بخەناو خانەی خودا و پێغەمبەران، دەنا هەردووکمان دەبینەوە و دەمانکوژن ... ) (حەسەن، 2005: 90).

بێگومان گۆڕینی کاری حەیرانبێژی بۆ دەروێشی، تەنها هەر گۆڕینی کار و پیشە نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ گۆڕینی کەسێتییە، لە کەسێتیی شەرمن و گوێڕایەڵ بەهۆی ترس، دەبێتە کەسێکی کراوە و پەیوەستبوو بە ئایین، هەتا مووی سەر و ڕیشی دائەنێ و جۆرێك لە کەسایەتی بۆ خۆی دروستدەکات، کە خەڵك بە خراپ و (ژن هەڵگرتوو)ی تێنەگەن.

بێگومان ئەم پێشنیازەی (هەمین) زۆر ژیرانە بووە و لە ڕوانگەی خوێندنەوەی ئاوەز و بیری تاکی کورد بە گشتی و پیاوی کورد بە تایبەتی بووە، چونکە (هەمین) هەستی بەوە کردبوو کەسێتی دەروێش و سەید و مەلا لەناو کۆمەڵگەی کوردییدا بەهۆی پابەندی بە (ئایینی ئیسلام)، چ ڕێز و سەنگ و پێگەیەکیان هەیە، ڕۆڵ و پێگەیان هیچ لە هی ئاغاکان کەمتر نییە، لەبەرئەوەی خەڵکی ئێمە بەچاوێکی زۆر پیرۆز تێیان دەڕوان و ڕێزێکی بێ شوومارییان لێدەگرن و بەها بۆ قسە و کردەوەکانیان دادەنێن و یارمەتی دارایی باشیشیان دەکەن، هەروەها (بایز) لەناو شاردا جگە لە (دەروێش)ی چەندین کاری دیکە دەکات، وەك (قاپشۆری، لۆقنتەچی، توونچی، حەمباڵی، چەرچی)، لەهەموو ئەو کارانەشدا، بەهۆی پیشەکە جۆرێك لە کەسێتی بۆ خۆی دروستکردووە، بەمەش بەپێی ڕووداوەکان بۆتە کەسێتییەکی پەرەسێن و گۆڕاو، گۆڕانێك بەپێی شێواز و پێویستی کارەکە خۆی گونجاندووە.

یەکێك لە کارەکانی دیکەی (بایز)، (ڕاوچی)یە، (بایز) دەبێتە ڕاوچی و لە دەشتەکاندا دەست بە ڕاوە ڕیشۆڵە دەکات، چونکە لە کاتی وەرزی زستاندا ڕیشۆڵەکان بۆ دەشتەکان کۆچ دەکەن، بەمەش دەبێتە سەرچاوەی داهات و بژێوی بۆ بایز و زۆر کەسی دیکە، بۆیە (بایز) لە ڕێگەی فرۆشتنی ئەو ڕیشۆڵانەوە ژیانی خۆی دەگوزەراند؛ چونکە ڕیشۆڵەکانی بە (سلێوە)ی دەفرۆشت ئەویش لەلایەن خۆیەوە بە مەیفرۆش و مەیخۆرەکانی دەدا و دەیانکرد بە مەزە، ئەگەر سەیربکەین، هەر لەمەدا کەسێتی بایز لە پەیوەستبوون بە ئایین و ڕاوکردنی باڵندە و فرۆشتنی بە مەیخۆرەکان دوو کەسێتی جیاواز و دژبەری یەکترن.

هەرچۆنێك بێت ئەم کارانەی تەنیا بۆ خۆگونجاندن و ژیان بەڕێکردن بووە، هەر بۆیە کەسێتییەکانی بۆ ئەو مەبەستە بووە و نەك خودی کەسێتی ڕاستەقینەی خۆی بێت، کەچی ئەم کارانە نەبوونە هۆی ئەوەی لە خۆشییدا بەردەوام بێت، چونکە کاتێك (بایز) ڕۆژێك لە ڕاو دەگەڕێتەوە خۆشەویستی ژیانی (هەمین) لە ماڵ نابینێت؛ لەبەرئەوە دەست بەگەڕان دەکات، لە هەموو کوچە و کۆڵانەکانی شار، ماڵ بە ماڵی بازرگان و ئاغا و بەگلەرەکان و خواپێدراوەکان دەگەڕێت، (چونکە (هەمین)یش بەهۆی قورسی باری ژیان کاری دەکرد، کارەکانیشی بە زۆری لە ماڵە (بازرگان و دەوڵەمەند)ەکان بوو)، لەگەڵ ئەوەی ئەو شەوەی (بایز) لە (هەمین)ێ دەگەڕا، (باران)ێکی زۆر لە شاری دەباری (ڕەشەبا)ێکی توونديشی لەگەڵدا بوو، بارانەکە لافاوی دروستکردبوو، هەرچەندە (بایز) لەناو قوڕ و لیتە و لافاوەکە تووشی ناخۆشی و دەردەسەری ببوو و جەستەشی هەمموو تەڕ و بە قووڕ ببوو، کەچی بەردەوام بەدوای خۆشەویستەکەی دەگەڕا و لە خوای گەورە دەپاڕایەوە و دەیگووت: (...خودایە هاوار... فریامکەوە و بە تەنیا جێم مەهێڵە.... ) (حەسەن، 2005: 207).

دوای گەڕان و سووڕان و سۆراغێکی زۆر (بایز) خۆشەویست/(هەمین)ەکەی نادۆزێتەوە و تووشی حاڵەتی دەروونی دەبێت و وای لێدێت (وڕێن)ە بکات و بەردەوام خەیاڵی لای (هەمین)ی خۆشەویستی بێت و شتی سەیری لە بارەی (هەمین)ەکەی بە خەیاڵدا بێت، لەوانە: باپیر ئاغا و باوك و براکانی (هەمین) هاتوونە و هەوڵی کوشتنی (هەمین)یان داوە، (هەمین)یش هەرچەند هەوڵیداوە بۆ ئەوەی ڕزگاری ببێت، بەڵام نەیتوانیووە لەبەرئەوە ئێستا لە ژیاندا نەماوە؛ ئەمە وا دەکات (بایز) لە وڕێنەکردنی خۆی بەردەوام بێت، وایدەبینێت (هەمین) بووەتە (کـــارمامز) و لەگەڵ کچانی گوند، کە ئەوانیش بوونەتە کارمامز بە شێوەیەك، کە سەریان مرۆڤە و لاشەیان کارمامزە بەیەکەوە (بە ڕەوە) لە دەشت لە ترسی ڕاوچی و برسییان هەڵدێن، ئەمەش لەلایەك ڕاستەوخۆ ئەو پەیامە دەبەخشێت و نیشانەیە بۆ ئەو هەموو ئەو زوڵم و زۆرداریەی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردیی بەتایبەتی لە ئافرەت دەکرێت، چونکە ئافرەت هیچ جۆرە ئازادییەك لەناو کۆمەڵگەدا بەدیناکات، بەڵکو لە لایەن پیاوانەوە بە هەموو شێوەیەك دەچەوسێندرێتەوە، لەلایەکی دیکە: بوونی (ئافرەت) بە (کارمامز) لە خەیاڵی (بایز)دا، نیشانەیە بۆ ئەوەی هەر ئافرەتێك بکەوێتە داوی خۆشەویستی وەك (هەمین)ی خۆشەویستی تووشی کوشتن دەبێت و ڕەوانی ئەو دونیا دەکرێت، هەروەك چۆن ڕاوکەرەکان بەردەوام کارمامزەکان ڕاودەکەن و ژمەی چەوریان لێدروستدەکەن یان دەیفرۆشن و بە پارەکەی ژیانێکی خۆش دەگوزەرێنن، بۆیە (بایز) هەر بەدەم وڕێنەکردنە پەشیمانە لەوەی، کە خۆیشی ڕۆژانێك ڕاوچی ڕیشۆڵەبووە، بۆیە ئێستا داوا لە ڕیشۆڵەکان دەکا- (ئەو ڕیشۆڵانەی تا دوێنێ ڕاوی دەکردن)، تاکو ئەمڕۆ لەدەست ئەو هەموو ناخۆشییە ڕزگاری بکەن، چونکە دوای ئەو ڕووداوە- (ونبوونی هەمین)، هەمووکات وێنەی (باپیر ئاغا و هۆمەری باوکی هەمین و خدر و کانەبی براکانی) لەبەر چاوی (بایز) بوون

دواجار (بایز) لەتاو ونبوونی خۆشەویستەکەی (شێت) دەبێت، بەمەش کەسێتییەکی نامۆ و گۆشەگیر و شەپرێو و دوورەپەرێزی لێ بەدەر دەکەوێت، بەڵام ئەم شێت بوونە ئەوە دەردەخات پەیوەندی خۆشەویستی نێوان (هەمین و بایز) زۆر ڕاستگۆیانە بووە؛ کاتێك (بایز) شێت دەبێت، منداڵانی کووچە و کۆڵانی شار بەردەوام بەردبارانی دەکەن، دواجار پۆلیسەکان دەیگرن و بەرەو شێتخانەی دەبەن؛ پاشان دەیگوازنەوە بۆ شاری بەغدا، بەمەش ڕووداوەکان چەندین کەسێتی جیاواز لە کەسێکدا دروستدەکەن.

### ٢. ١. ١. ١: کەسێتی بایز و پەیامەکەی:

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت: کەسێتی (بایز) لەناو ڕۆمانەکەدا تەواوی ژیانی پڕ دەردەسەری و ناخۆشی و نەهامەتییە، ژیان و دابڕان لە خۆشەویستترین کەس و دوورکەتنەوە لە زێدی باب و باپیران -گوند...، ئەمانە هەمموو لە ژیانی (بایز)دا ڕوویاندا، دواجار خۆشەویستی نێوان (بایز و هەمین) وەك دیاردەیەك لە سەردەمی کۆندا بە هەڵاتن کۆتایی پێهاتووە.

ئەوەی جێگای بایەخە ئەوەیە؛ کە ڕۆماننوس دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو ڕۆمانە ڕەخنە لە کۆمەڵگەی کوردیی و داب و نەریتە کرێتەکانی بگرێت، کۆمەڵگەیەك تا ئێستاشی

لەگەڵدا بێت لێناگەڕێت کەسەکان بە ئازادی و سەربەخۆیی بۆ خۆیان ژیان بەسەر بەرن و هاوسەرگیریی بکەن، بۆیە لادان لەو نەریتە کرێتەی کۆمەڵگە، دەبێتە هۆی دەردەسەری و ژیانی تاڵ وماڵوێرانی بۆ ئەو کەسانەی لەو نەریتە لایان داوە، تەنانەت زۆرجاریش کەسەکان تووشی گرتن و لێدان و کوشتن دەبن، یا ئەوەتا بە دەردی دڵ و ئازاری ناخ هۆشییان لەدەست دەدەن و شێت دەبن.

(بایز) لە شێتخانە مایەوە، وەك شێتێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، ئەو- بایز نەیتوانی تاکە داوا و وەسیەتی (هەمین)ی خۆشەویستی جێبەجێ بکات، کە بە (بایز)ی گووتبوو: (.... دەروێش ئۆباڵی منت بە ئەستۆ، ڕۆژ بازاڕی قیامەتێ، ئەگەر مردم تووخوا نەکەی لێرە بمنێژی، بمبەوە... بمبەوە دەشتێ... گوندەکەی خۆمان، گەردنت ئازادناکەم، ئەگەر لەسەر "گردی عاشقان" نەمنێژی، ئاخر کوڕەتیم زۆر تێدا نە ژیام.. دەبا بە مردن بچینەوە ئەوێندەرێ، ئەوجا هەموو فەسڵی بوهاران وەرە سەر گۆڕەکەم و دوو سێ چەپکە نێرگزان لەبەر پێیانم ... نا ... نەکەی... لەکن سەرم دابنێ تا تێر تێر بۆنیان بکەم... ئەمن دەزانم بایز... جارەکی دیکە ئەوێندەرێ نابینمەوە... ئەمن دەزانم هەردووکمان گۆڕ غەریب دەبین... ئەمن دەزانم.... دەزانم...) (حەسەن، 2005: 216-217).

بۆیە (بایز) بیر لەخۆی دەکاتەوە ..... (ئای (بایز) چ ژیانێکت بەڕێکرد، چەند کار و پیشە و ئێش و ئازارت دیت، تەنیا لە پێناو خوشەویستی و خۆشەویستەکەت، تۆ لە لە گوندەکەت حەیرانبێژ بووی، هەموو شایی و ژن هێنانێك بەستە و حەیرانت دەگووت، ئەو حەیرانەی پێش ڕۆیشتن لۆتم گۆت هەمین گیان، بیرتە...

حەیران حەیرانە ...

حەیران هەمینە...
قۆندرەی زەرد و گۆرییەی چەلینە...
بەژنی ڕەشە ڕەیحانە گەردنی شانشینە
ڕوومەتی بەفر و خوینە
سەری مەمکانی شەکرن .. بنیان هەنگوینە
برۆننە کاری خودای گەلەك ڕەنگینە
ئەجا دەرێم حەیران حەیرانە... حەیران (هەمین)ە...
گەردەنی زەردە و مەمکی هەنگوینە
ڕوومەتی گوڵە و سنگی سپینە
جا سوندەکەم خواردییە بە (سوڵتان عەوڵا)ی ...
بە (حوسێنی غازی)
پاش ئەو غەدار بابەی چ دۆستان ناگرم...
چ یارم نینە) (حەسەن، 2005: 80- 81).

**٢. ١. ٢: کەس و کەسێتیی هەمین:**

کەسێتی (هەمین)یش بە هەمان شێوەی (بایز) لە ڕۆمانەکەدا کەسی سەرەکییە/ شاکەسە، (هەمین)یش کەسێتییەکی داماوی هەیە و هیچ خۆشییەکی لە ژیان نەبینیووە، چ لە گوند چ لە شار، لە شار لەپێناو ژیان لەگەڵ دڵدارەکەی بۆتە کارکەری ماڵە دەوڵەمەندەکان، چونکە (هەمین) ئاشقێکی سەرسەختی (بایز) بووە و لە پێناو ئەو ئیشقەشدا دەستبەرداری کەس و کار و گوندەکەی بووە، تەنانەت گیانیشی لەم پێناوەدا بەخشیووە، ئەمەش کەسێتییەکی خۆنەویست و وەفادار و ڕاستگۆیی لە (هەمین)دا دەردەخات، بۆیە ژیانی خۆشی گوند و جوانی، کردە قوربانی بایز و هەر لەم پێناوەشدا دووبارە بوویەوە بە کارەکەری ماڵان.

(هەمین) هەر لەو ڕۆژەی (بایز) دێتە ناو ژنان بۆ ئەوەی حەیرانییان بۆ بڵێت، ئەشقی (بایز) لەکەلەی دەدات و دەستماڵە زەردەکەی خۆی بە (بایز) دەدات، تا ئارەقەی سینگی پێ بسڕێتەوە، دواتر بە نهێنی ژوان لەگەڵ یەکتر دەکەن، تا ڕۆژێك بڕیاردەدەن گوندەکەیان بەجێبهێڵن و سەرهەڵگرن و ڕەدووی (بایز) بکەوێت و بچنە شار.

ئەوی جێگای سەرنجە لەم ڕۆمانەدا ئەوەی تێبینی بکرێ، ڕۆمانووس دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت، کە گرفتی مرۆڤی داماو بەگشتی و کورد بە تایبەتی لەوەدایە: هەر کاتێك تووشی گرفتێك دەبێت ڕوبەڕووی خودی گرفتەکە نابێتەوە، چارەسەری ڕیشەیی بۆ نادۆزێتەوە، بەڵکو لە گرفتەکان هەڵدێن، بۆیە ڕێگەی ئاسان دەگرنەبەر، ڕێگەی ئاسانیش بەلای (شاکەسەکان)ی ئەم ڕۆمانە (بایز و هەمین) هەڵاتنە، چونکە ئەوان وا هەستدەکەن بە هەڵاتن گرفتەکان کۆتایی پێدێت !، نازانن گرفتەکە ئەگەر گەورەتر و ئاڵۆزتر نەبێت، ئەوە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە، چونکە (هەمین)ی داماو کاتێك دەچێتە شار ژیانی هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردانایەت، بەڵکو دووبارە بۆ کارکردن ڕووی لە ماڵی دەوڵەمەند و بەگەکان و ئاغاکان کرد، هەرچەندە (بایز) زۆری پێناخۆش بوو ئەم کارە بکات، بەڵام شوێنی نوێ و ژیانی نوێ پێویستی بە پارەی زۆرە و (بایز)یش بەتەنها نەیدەتوانی بژێوی ژیانی نوێ دابین بکات.

کارەکانی (هەمین) بریتیبوون لە: (قاپ شووشتن و جل شووشتن و مل شێلانی ژنە ئاغا و دەوڵەمەندەکان و ماست فرۆشتن و هێلکە فرۆشتن) بوو؛ کە ئەمەش نیشانە و بەڵگەی حاشا هەڵنەگرە بۆ بەدبەختی مرۆڤی کورد بەگشتی و ئافرەتی کورد بە تایبەتی، چونکە برسیەتی و پێویستی مرۆڤ ناچاردەکات دەست بۆ هەموو شتێك بەرێت، بۆیە نووسەر دەیەوێت لە ڕێگەی کەسێتی (هەمین) پێمان بڵێت: ئافرەتی کورد لەگەڵ ئەوەی هیچ ماف و ئازادییەکییان بۆ دابین نەکراوە، بەڵام لە مەیدانی ژیاندا شانبەشانی پیاوان کاردەکەن و مل دەدەنە بەر سەختییەکانی ژیان، بەمەش هیچی لە پیاو کەمتر نییە.

لە بنەڕەتدا هەموو کار و هەوڵەکانی (هەمین) هەر بۆ ئەوەیە یارمەتییەك پێشکەشی (بایز) بکات، هەرچەندە خودی (بایز) ئەم کارەی پێ خۆش نەبوو، بەڵام کەمدەرامەتی وای لە (هەمین) کرد، هەموو تەمەنی گەنجێتی لە پێناودا بەڕێ بکات؛ بۆیە کەسێتی (هەمین) گوزارشت لە کەسێتیەکی مافخورا و ماندوونەناس و وەفاداریی ئافرەتی کورد دەکات، هەرچەندە دیاردەی (ڕەدووکەوتن) شتێکی قێزەونە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا، بەڵام ئەمەش خۆی جۆرێکە لە وەفا بۆ خۆشەویستەکەی، هەرچەندە نووسەر نەهاتووە لە دیاردەی ڕەدووکەوتن بدوێت، بەڵکو ئەوەی بۆ خوێنەر جێهێشتووە، دەبێت ئێمەی خوێنەر پرسیاری هۆکاری ڕەدووکەوتن لە خۆمان بکەین، بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاو بە دەست بهێنین؛ بەڵام دەبێت هەروەك مرۆڤێکی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوان ئەگەر هەڵەش بکەن هەر مرۆڤن و شایانی هەڵەیان تێدایە.

بەگشتی کەسێتی هەمین کەسێتییەکی چەسپاوە، لە وەفاداریی و ژیریی و گوێڕایەڵی، تەنانەت، کار و پیشەکانیشی هەر هەمان شتن، وەك لە لادێدا خەریکی خزمەتکردن و پاککردنەوەی ماڵە ئاغا و خزمەتکردنی ژنەکانی ئاغابوو، کەچی کە هاتە شار بە هەمان شێوە لەبەر بژێوی ژیان و هاوکاریکردنی خۆشەویستەکەی لە ماڵە دەوڵەمەند و بازرگانەکان بۆتە خزمەتکار، بەمەش کەسایەتییەکی جێگیریی هەبووە، وەك لە ڕۆمانەکەدا هاتووە، کە (بایز) هەموو جارێ بە (هەمین)ی دەگووت: ((..

هەمین چیدیکە مەڕۆدەرێ، ئەتوو هیلاك بووی، بنوو قەت بەخەبەر مەیێ، ئەمن تا ئەبەد بەدیارتەوە دادەنیشم و نانووم...)(حەسەن، 2005: 105)، چونکە (هەمین) جوانییەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئاغای گوند چاوی تێ ببڕێ، بەڵام (هەمین) خۆی باوەڕی بە خۆشەویستیی پاك هەبوو و گرنگ نەبوو ئایا ئەوکەسەی خۆی خۆشیدەوێت دەوڵەمەندێکی دەسەڵاتدارە یان هەژارێکی بێدەسەڵات.

لەم چەند ڕستە و دەستەواژانە دەردەکەوێ و نووسەر ژیرانە لەڕێگەی کەسێتی (هەمین) ئەوەمان پێدەڵێت: کە خۆشەویستییەك دڵ سەرچاوەی گرتبێت و بە ئاوەز بڕیاری لێدارابێت، گومان لە پاکییەکەی ناکرێ، چونکە هیچ شتێك نابێتە هۆی ئەوەی خۆشەویستی پێ بەدەست بهێنرێت، مەبەست لە: دەوڵەمەندی و ماڵ و سامانە، بە واتایەکی دیکە خۆشەویستی بە پارە و پول ناکرێت، ئەمەش کەسێتی سەنگین و جێگیری (هەمین) دەردەخات.

کۆتا ڕووداوی ژیانی (هەمین) لەڕۆمانەکە ئەوەیە؛ ڕۆژێکیان زوو لە خەو هەڵدەستێت وەکو ڕۆژەکانی دیکە دەست بە ئیشی ماڵەوەی خۆیان دەکات، دواتر ڕووەو ماڵی بازرگان و دەوڵەمەندەکانی شار دەکەوێتەڕێ، کاتی ئێوارێ (بایز) هەر چاوەڕوانی (هەمین)دا دەبێت، بەڵام (هەمین) هەر نەگاڕێتەوە.

نووسەر ژیرانەبووە لە چنینی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە و هەوڵیداوە شێوەی کۆتایی هاتنی کەسێتی (هەمین)، کە شاکەسی دووەمی ڕۆمانەکەیە لە خوێنەر بشارێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە خۆیشی دەزانێت؛ باسکردنی شێوەی کۆتایی هاتنی ژیانی (هەمین) شتێکی ئەوەندە شاراوە و نامۆ نییە، تا خوێنەری کورد هەستی پێ نەکات و نەتوانێت ڕاڤەی بکات، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردییدا هەر کاتێك دیاردەی (ئابڕو/ نامووس) دێتەگۆڕێ ئەوە وشەی (کوشتن) بێ چەند و چوون ئامادەیی ڕاسەوخۆی هەیە، هەرچی لە حاڵەتی (هەمین)دا هەیە، نەك هەر تەنها (باوك و برا)کانی، بەڵکو (ئاغا)ش، کە هێمای زۆرداری و زوڵمکردنە، پیاوەکانی خۆی دەنێرێت تا یارمەتی ئەوان بدات لە پرۆسەی لەناوبردنەکە، کە ئەمەش تراژیدیایەکی چاوەڕوانکراوە جێبەجێ دەکرێت؛ بەمەش ڕۆمانووس دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت؛ دەسەڵات بەدەستان بەهەموو شێوەیەك دەیانەوێت خۆشییەکانی ژیانیان بەدەست بهێنن، بەڵام ئەگەر دەستیان نەکەوت، ئەوکات ئامادەن جوانییەکانی ئەوانی دیکە بشێوێنن.

**٢,٢: کەسێتیی کەسە لاوەکییەکانی ڕۆمانەکە:**

بەشێوەیەکی گشتی کەسە لاوەکییەکان کەسێتییەکانیان لە ڕۆمانەکەدا چەندین، کەسن و بەشێوەیەك خزمەتی کەسی سەرەکی و ڕووداو و ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا هاتوون، کە ئەمانەن:

**٢. ٢. ١: (باپیر ئاغا)؛** باپیر ئاغا) لەم ڕۆمانەدا کەسی لاوەکیی پلە یەکە، چونکە کاریگەرییەکیماناوەندی لەسەر ڕووداوەکاندا هەیە، باپیر/ (ئاغای گوند)ە و هێمای ستەمکاری و زۆردارییە، لەبەر ئەوەی بەهەموو شێوەیەك زوڵمی لە خەڵك کردووە، بەڵام لەم ڕۆمانەدا زیاتر وەك زوڵمکەر لە ئافرەت بەدیاردەکەوێت، چونکە ئاغا سێ ژنی هەبووە و (هەمین)یشی خۆشویستووە، ئەمە بەبێ ڕەچاوکردن جیاوازی تەمەن، بۆیە ویستوویەتی بەو دەسەڵات و ماڵ و سامانەی کە هەیەتی ئافرەتێکی جوان و شۆخ و شەنگی وەك (هەمین) دەستەبەر بکات و مەرامی هەوەس و ئارەزووەکانی خۆی و دامرکانەوەی ئارەزووی جەستەیی خۆی لێ بەدەست بهێنێت، تەنانەت هەوڵدەدات، (بایز)، کە خۆشەویستی (هەمین)ە بیکوژێت، لەوەش زیاتر پیاوەکانی بۆ کوشتنی ئافرەتێکی بێدەسەڵاتی وەك (هەمین) دەنێرێت، بەمەش کەسێتی (باپیر ئاغا)، کەسێتییەکی شەڕەنگێز و ستەمکار و خۆ بەگەورەزانە و هەموو کارێك دەکات تاکو قسەکەی نەکەوێت، ئەمەش نموونەی کەسێتی ناسەنگین و بێ ڕێزە، تاکۆتاییش کەسێتییەکەی (شەڕانگێزی و ستەمکار...) بە جێگیریی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت و بەرەو پێشەوە ناچێت.

لەم دیدگەیەوە ئەگەر سەیرێکی (ڕابردوو)ی خۆمان و مێژووی کورد بکەین، دەبینین: کە ئاغاکان لە گشت ناوچەکانی کوردستاندا دەسەڵاتێکی باڵا و ڕەهایان هەبووە، بۆ نموونەش لە ناوچەی هەولێر و دەشتی هەولێر و دەووروبەری، بۆیە ڕۆمانووس دەیەوێت بڵێت: ئەو کەسانەی خاوەنی زەوی و زار و پارەوپوولن، هەمیشە هەوڵدەدەن خەڵکی هەژار بچەوسێننەوە و بیانخەنە ژێردەستی خۆیان و بیانکەنە ژێردەستە لە هەموو ڕوویێکەوە.

**٢. ٢. ٢: (شێخ قادر):** شێخ قادر لەم ڕۆمانەدا کەسی لاوەکییە هەروەها جۆری کەسێتییەکی باشی هەیە، پیاوی تەریقەت و تەکییە بووە، زۆر گرنگی بە ئایین داوە، هەوڵیداوە لە دیدی مرۆڤێکی ئایینییەوە کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکان دروستبکات، بۆ نموونە کاتێ بە (بایز) دەڵێت: (.. تا کەنگی هەمینی ژنت دەنێریتە ناو کۆشك و تەلاری ئاغاکان و بەگلەران و ئەفەندییە تەوالێت لووسەکان؟ کوڕم گوناهت دەگاتێ با واز لەو شیر و هێلکە فرۆشتنە بێنێ.... ) (حەسەن، 2005: 89)، بەمەش ئارامی و نەرم ونیانی و ڕۆشنبیرییەکی ئایینی بە کەسێتییەکە دیارە، جگە لەوەی گوێگر و خەمڕەوێنێکی باشی (بایز) بووە.

هەرچەندە کەسێتی (شێخ قادر) کەسێتییەکی ئایینیە، بەڵام نووسەر دەیەوێت ئەو ڕووە ڕاستەقینەی هەندێك لەو کەسانە دەربخات، کە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان دەسەڵاتی ئایینی و پەردەی ئایین بەکاردێنن، تەنانەت هەندێکجار ئایەت و فەرموودەکان لە بەرژەوەندیی و مەبەستی خۆیان بەکاردێنن؛ بۆ نموونە (شێخ قادر) داوا لە (بایز) دەکات ڕیشۆڵەی بۆ بهێنێت، ئەمەش (بایز) ناچار دەکات و پەنا بۆ شتی تر(درۆ) بەرێت وەك ئەوەی لە ترسی شێخ قادر دەڵێت: (.. دەوەرە هەمین با مزگێنی ئەمشەوت بدەمێ، دە دوازدە ڕیشۆڵە سەربڕە و مەنجەڵە ئاوێك گەرم کە، بەس سبەینێ یاشێخ پێبزانێ هەر زوو بە زوو داوای زەکات دەکا ...) (حەسەن، 2005: 146)، چونکە کاتی خۆی لە کۆمەڵگەی کوردییدا وا باوبوو، کە زەکات بە پیاوی ئایینی دەدرا.

**٢ .٢ .٣: (سلێوە):** (سلێوە)ش کەسی لاوەکییە لە ڕۆمانەکەدا، کەسێکی خراپەکارە، خۆی دوکاندارە و ڕیشۆڵە لە (بایز) دەکڕێت و دەیفرۆشێتە مەیخانە و مەیخۆرەکان بۆ ئەوەی بیکەنە مەزەی پێکەکانیان، تەنانەت زۆرجار مەی بە نرخێکی دووقات و زیاتر بە مەیخۆرەکان دەدات، بەمەش کەسێتییەکی چاوچنۆك و ماڵپەرست و بێ ویژدانی هەیە، ئەمە تاکۆتایی کەسێتییەکەی بە جێگیریی دەمێنێتەوە.

**٢ .٢ .٤ :(هۆمەری سەرکار):** هۆمەری سەرکار، کە هاوکات (باوکی هەمین)یشە، کەسی لاوەکییە لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، چونکە هیچ کارێك لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ڕێڕەوی ڕووداوەکان ناکات؛ ئەمیش چەند کەسێتییەکی هەیە، لە لایەك چاوچنۆکە و دەیەوێت بەهۆی هەمیینەوە خۆی زیاتر لە ئاغا نزیك بکاتە و پارە و پۆستی باشتر بەدەستبهێنێت، هەرچەندە سوڵحی عەشایریی لەگەڵ خانەوادەی بایز دەکات و لەوێ سامانێکی زۆری دەستدەکەوێت، بەڵام نابێتە هۆی شاردنەوەی دڕەندەییەکەی.

لەلایەکی دیکە: ترسنۆکە و هەمیشە گوێڕایەڵ و جێبەجێکاری بڕیارە نابەجێ و ناقۆڵاکانی ئاغایە، بەرانبەر هەمووان، تەنانەت کاتێك بڕیاری کوشتنی (بایز و هەمین)

دەدرێت، ئەو پشتگیری دەکات و کوڕەکانی خۆی لەگەڵ پیاوەکانی ئاغا دەنێرێت بۆ کوشتنی (بایز و هەمین)، لە لایەکی دیکە: نموونەی پیاوی کورد پیشاندەدات، کە بەرانبەر ئافرەت چەند دڵڕەق و کەللە ڕەقن، تەنانەت لە ڕژانی خوێنی ئەو ئافرەتەی لە جەرگی ئەودا دروستبووە سڵ ناکاتەوە و ویژدانی نایەهەژێنێت بەرانبەر بە بڕیاری کوشتنی (هەمین)ی کچی، ئەمەش نیشانەی کەسێتیەکی دڕندەیە.

**٢ .٢ .٥ :(کەریم مەیتەر):** (کەریم مەیتەر)یش لە ڕۆمانەکەدا کەسیی لاوەکییە، پیاوی ئاغایە و لە شاییەکەیدا کاتێك (هەمین و بایز) چاویان پێکدەکەوێت ئەو هەست بەوە دەکات؛ دواتر بۆ ئاغای دەگێڕێتەوە، بێگومان ئەمەش کەسێتییەکی وریا و چاپووکە، بەڵام وریاییەکەی بۆ سیخوڕیکردن و خراپی بەکاردێنێت، چونکە ئەویش هەوڵدەدات بەم کارانەی لە ئاغا زیاتر نزیك بێتەوە بۆ ئەوەی (پارە)یەکی باشتر لە کاری سیخوڕیکردنەکەی بەدەستبهێنێت، ئەو وەك چاوساغی ئاغایە، هەرچی لە گوند ڕوودەدات، خێرا بۆ ئاغای دەبات و زیاتریشی بەسەر وەدەنێت، بۆیە کەسێتییەکەی کاریگەریی لەسەر ئاغا و بڕیارەکانی هەیە، تا دوجار دەبێتە یەکێك لە نێردارەوەکانی ئاغا بۆ کوشتنی (بایز و هەمین).

**٢ .٢ .٦ :(کانەبی):** (کانەبی) برای هەمینە و لە ڕۆمانەکەدا کەس لاوەکییە و کەسێتییەکی خراپیشی هەیە، بۆیە وەکو کوڕێك گوێڕایەڵی قسە و گوفتارەکانی باوکی و بڕیارەکانی ئاغا دەکات، بەڵام لە کام گوفتار و بڕیار؟ ئەو بڕیارەی بۆ کوشتنی (بایز و هەمین) دەدرێت، ئەو دەبێتە یەکێك لە جێبەجێکارانی ئەو پرۆسەیە، بەمەش کەسێتییەکی سەرەڕۆ و شەڕاویی و خراپی هەیە، هەرچەندە (سوڵحی عەشایەر)ی لەنێوان خانەوادەی (بایز و هەمین)کرابوو، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی بەخۆداهاتنەوەیی و پەشیمان بوونە لە بڕیاری کوشتن و گۆڕانی کەسێتیەکەیی لە خراپەکار و دڕندە بۆ کەسێتی تێگەیشتوو و ئاشتیخواز.

**٢ .٢ .٧ :(خدر):** (خدر / برای هەمین)ە، وەك براکەی دیکەی، کەسێتییەکی خراپی هەیە و ڕۆڵەکەی وەکو وەك کانەبی برایەتی.

**٢ .٢ .٨ :(مام ڕەشید):** کەسیی لاوەکیی و کەسێتییەکی چاوبرسی و چاوپیس و خراپەکاری هەیە، کاری دوکانداری دەکات، بۆیە هەمیشە بە دوای قسە و قسەلۆکەوەیە، وەك لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا هاتووە: (... مام ڕەشید چاوی ئەوەندە پیسە سوار بەسەر ئەسپەوە دەگلێنێ، بەرد شەقدەکات، ڕۆژەك مابێ تۆ و کەرەکەت دەکوژێت...) (حەسەن، 2005: 95).

**٢ .٢ .٩ :(عەونی زۆڕناگیۆ)؛** عەونی زۆڕناگیۆ)یش لاوەکییە و کەسێتییەکی ناشیرین و خراپی هەیە لەناو ڕۆمانەکەدا، دەیەوێت لە ڕێگەی لاشەی ئافرەتەکەیەوە پارە و پوول بەدەست بهێنێت؛ بێگومان ئەم کەسانە لە هەموو سەردەمێکدا هەن، کە بازرگانی بە لاشەی ئافرەت دەکەن؛وەك لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا هاتووە: (... ئەو گەوادەی ژنەکەی بۆ قەسابە تورکمانەکان دەبات....) (حەسەن، 2005: 96).

**٢ .٢ .١٠ :(کارەبا )؛** کەسی لاوەکییە و کەسێتییەکی خراپی هەیە و خێزانی عەونییە ئیشی لەشفرۆشی دەکرد، تا کۆتایی وا دەمێنێتەوە.

**٢ .٢ .١١ :(فاتە کوڕانی)؛** کەسێتییەکی خراپی هەیە، ئەویش هەمان شێوەی کاری (عەونی) دەکات، بۆیە ناوبانگێکی باشی نابێت: (..دەیانگووت تاکە ژنە لەم شارەدا گەوادی دەکات.. ) (حەسەن، 2005: 180).

**٢ .٢ .١٢ :(بۆداغ بەگ)؛** کەسی لاوەکییە لە ڕۆمانەکەدا، پیاوی ئاغایە و کەسێتییەکی خراپی هەیە، وەك لەگەڵ پیاوانی باپیر ئاغا بۆ کوشتنی (هەمین و بایز) هاتبوو، تەنانەت لە گوندیش ناوبانگێکی باشی نەبوو، بە یەکێك لە پیاوە خراپەکانی گوند دادەنرا، (... یەکێك لە پیاوە هەرە هیچەکانی گوندی... یە) (حەسەن، 2005: 189).

**٢ .٢ .١٣ :(عەلی شوونهەڵگر)؛** پیاوی ئاغایە، لەکاتی هەڵاتنی (هەمین و بایز) بۆ هەولێر، شوێن پێی هەمین و بایزی هەڵدەگرت، بەمەش کەسێتییەکی وریای هەیە، بۆ مەرامی خراپە و خراپەکاران بەکاریدەهێنێت: وەك (بایز) لە شوێنێکدا بە (هەمین) دەڵێت: (... خۆ ئەگەر عەلی شوونهەڵگریان هێنابێ جێی پێیەکانمان دەبینێتەوە، با لە هەندەك جێ لە جێی پێی یەکدا ڕۆین تا جێ پێی یەك ڕێبوار دەستەخەرۆیان بکات...) (حەسەن، 2005: 86).

+ ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە نووسەری ئەم ڕۆمانە ژیرانە و بوێرانە و ڕاستگۆیانە چەند ڕوویەکی کۆمەڵگەی کوردیی (باش و خراپ ) و کەسێتی تاکی کوردیی پیشانداوە، بۆیە لە ڕێگەیەوە پەردە لەسەر دیاردە کرێت و دزێوەکان هەڵدەماڵێت، دەیەوێت تاکی کورد هۆشیار بکاتەوە و پەند و ئامۆژگاری لە کارە هەڵە و کرێتەکان وەربگرن، بەمەبەستی دووبارەنەکردنەوەیان، لەو دیاردانەش وەکو: (ڕازیبوون بە زووڵم زۆرداریی و سەردانەواندن بۆ زاڵم و ستەکار، پێشێلکردنی مافی تاك و ئافرەت، ناهۆشیاری تاکی کورد و گرانی باری ژیان... هتد )، تەنانەت بەشێوەیەك لە ناو دەقی ڕۆمانەدا زۆربەی کەسێتییەکان بەشێوەی وا وێنا دەکات، وەك بڵێت ئەم قسە و دیاردە و دیمەنانە بۆ زۆرینەمان دووبارە و چەندین بارەن.

## ٣. ئـەنجـــــام:

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك، کە لەژێر ناونیشانی (ئەنجامی گشتی و ئەنجامی تایبەتی)ی دانراون.

### ٣. ١: ئەنجامە گشتییەکان:

1. بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرە کەس لەناو ڕۆمانەکەدا بوونیان هەیە، کەسی سەرەکی و کەسی لاوەکیین، ئەمانە تەواوکەری یەکترن و لە ڕووداوەکاندا بەشدارن.
2. کەس ڕەگەزێکی سەرەکی ڕۆمانە، بێ بوونی ئەم ڕەگەزە ڕۆمانێك بوونی نییە، کەچی کەسێتی پەیوەستە بە خودی کەسەکانی ناو ڕۆمانەکە و بەپێی گرنگی کەسەکان و ڕەوتی ڕووداو و کات و شوێن کەسێتییەکان دەگۆڕێن.
3. لە ڕۆمانەکەدا کەسێتییەکان بە (چاك و خراپ) بوونیان هەیە، ئەمەش خۆی لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا دەبینێتەوە، بۆیە ڕۆماننووس بەم کارەی هاوسەنگییەکی جوانی لە گەشەپێدانی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا دروستکردووە، هەر لەم چوارچێوەیەشدا بنیاتی دەقەکەی داڕشتووە.
4. لە کۆی دەقەکە و کۆتایی دەقەکە و بنیاتی بابەتی ڕۆمانەکە هەست بە چەوساندنەوەیەکی زۆری مرۆڤ، لە لایەن خودی مرۆڤ و کەسی نزیکەوە دەکرێت، لەوانەش چەوساندنەوە و مافنەدانی ئافرەت لەناو ڕۆمانەکەدا، تەنانەت ئافرەت لێرەدا مافی هەڵبژاردنی هاوسەریشی نییە، ئەمەش ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە، بۆیە کوشتن بەناوی پاککردنەوەی ناموس بۆتە کابووسێکی گەورەی کۆمەڵگەیی کوردی.

5. تیشك خستنەسەر خۆشەویستی پاك و بێگەردی نێوان دوو دڵدار (بایز و هەمین)، بۆیە، کۆچکردن و هەڵاتن و تەنانەت خۆبەختکردن و مردن لە پێناو خۆشەویستیدا بۆیان سەربەرزییە.
6. خستنەرووی ئەدگاری دەسەڵاتدارەکانی سەردەمەکە و پیشاندانی کەسێتییەکانیان لە زاڵمی، درندەیی، شەڕانگێزیی، بەرژەوەندییخوازیی و خۆبەگەورزان ...
7. نا هۆشیاری تاکی کورد و (قبوڵکردنی بەندایەتی، هەڵاتن لە واقیعی ژیان و چوون بەرە و پیری مەرگ،..).

### ٣. ٢:ئەنجامە تایبەتییەکان:

1. کەسی سەرەکی لە ڕۆمانەکەدا دوو کەسن؛ (بایز) و (هەمین)ن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕۆمانەکە بونیاتێکی خۆشەویستیی هەیە، بەڵام زیاتر (بایز) دەردەکەوێت، (هەمین)یش وەك سێبەر بە دوایدایە.
2. کەسێتی (بایز) و (هەمین)، دوو کەسێتی جیاوازن، بەڵام خۆشەویستی لەژێر چەترێکدا کۆیان دەکاتەوە، هەر خۆشەویستیشە کەسێتی بایز لە ترسنۆکەوە و دەگۆڕێت بۆ بەرەنگاربووەوە، ئەمەش کاریگەریی و هێزی خۆشەویستی لەسەر گۆڕانی کەسێتییدا پیشاندەدات.
3. کەسێتی (بایز) بەپێی کار و پیشەکەی: (سەپان، دەنگخۆش، دەرویش، قاپشۆری، لۆقنتەچی، تووتنچی، حەمباڵی، چەرچی)، لە گۆڕاندابووە، بەمەش بەپێی ڕووداوەکان بۆتە کەسێتییەکی پەرەسێن و گۆڕاو، گۆڕانێك بەپێی شێواز و پێویستی کارەکە خۆی گونجاندووە، وەك لە کەسێتییەکی (بێدەنگ و ترسنۆك) بۆ (ترسنۆك و گوێڕایەڵ) -(گوێڕایەڵ و شەرمن) -(شەرمن و باوەڕبەخۆبوو)-(باوەڕبەخۆبوو و بەرەنگاریی)-(بەرەنگاریی و خودبەڕێوەبەری) دواتر بۆ کەسێتی (ئایینی) و دواتریش بۆ کەسێتییەکی (ورێنەکار و شێت)..
4. ئەگەرچی (هەمین) کەسی سەرەکییە، بەڵام کەسێتیەکەی وەك خۆییەتی کەسێتییەکی وریا و چاپووك و وەفادار و ژیر و گوێڕایەڵ و باوەڕبەخۆبووی هەیە، بە درێژایی ڕۆمانەکەش تا ونبوونی وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەمەش کەسایەتییەکی جێگیر و چەسپاوی هەیە.
5. بەگشتی تەواوی کەسە لاوەکییەکانی ناو ڕۆمانەکە، کەسێتییەکی چەسپاو نەگۆڕیان هەیە و لە بەرەو پێشچوون وەستاون، سەرەتا چۆن لە ڕۆمانەکەدا دەرکەوتوون بە هەمان شێوە ماونەتەوە، ڕووداوەکان کاریگەرییان لەسەر گۆڕانی کەسێتییەکانیان (بە باش و بەخراپەوە) نەبووە.

## ٤. لیستی سەرچاوەکان:

### ٤. ١. کتێب:

#### ٤. ١. ١. کتێب بە زمانی کوردی:


بەدران، عمرو حەسەن (2005)، شیکردنەوەی کەسایەتی، و. دانا حەمە نوری، چ. 1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

جامی، نیهاد (2004)، خودی کوردی لە نێوان کەسێتی دووفاقی و تراژیدیای ئەنفالدا، چ. 1، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی.

حەسەن، شێرزاد (2005)، سەرجەمی بەرهەمی شێرزاد حەسەن، ب. 2، چ. 2، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

خدر، ڕێزان ڕەحمان (2012)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵلا سەراج)دا، چ. 1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

سابیر، پەریز (2001)، بینای هونەری چیرۆکی کوردی چ. 1، (لە سەرەتاوە تا جەنگی جیهانی دووەم)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

سەراج، عەبدوڵلا (2007)، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، چ. 1، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

گەرمیانی، عادل مەجید (2019)، ریالیزم لە ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخی باشووری کوردستاندا (1928- 1996)، چ. 1، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

عوسمان، ڕێزان (2010)، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا- سالی (1985- 1990)، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیایی کوردی، هەولێر.

قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2007)، دەرونزانی گشتی، چ.2، چاپخانەی سۆران، هەولێر.

قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2010)، نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، چ. 2، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

محەمەد، میران جەلال (2009)، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، چ. 1، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.


#### ٤. ١. ٢. کتێب بە زمانی عەرەبی:


رشوان، حسين عبدالحميد احمد (2006)، الشخصية دراسة في علم الجتماع النفس، ط. 1، مركز الاسكندرية للكتاب، الاسكندرية.

مجيد، سوسن شاكر (٢٠١٥)، اظطرابات الشخصية، ط. ٢، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

لازاروس، ريتشارد س (1981)، الشخصية، ترجمة: د. سيد محمد غنيم، ط. 1، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

صالح، مامون (2007)، الشخصية، ط. 1، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

يونس، محمد بن (2004)، مبادى علم النفس، ط. 1، الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

عبداللة، محمد قاسم (2000)، الشخصية، دار المكتبي للطباعة والنشر والتوزيع، ط. 1، دمشق، سوريا.

عبداللة، محمد قاسم (2004)، مدخل الى الصحة النفسية، ط. 2، دار الفكر، عمان، الاردن.

عواد، محمود (2006)، معجم الطب النفسي والعضي، ط. 1، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

وهبة وضاح سيد (2003)، اضواء خفايا النفس، ط. 1، شعاع للنشر والعلوم، حلب، سوريا.

بلشن، ادوارد (1981)، الرواية وصنعة كتابة الرواية، ترجمة: سامي محمد، ط. 1، منشورات دار الجاحظ للنشر، بغداد.


### ٤. ٢: نامە ئەکادیمییەکان:

#### ٤. ٢. ١. نامە ئەکادیمییەکان بە زمانی کوردی:


عەبدولکەریم، حەیات سەعید (2005)، نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا (1970 - 2000)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

عەبدوڵلا، محەمەد ئەمین (2000)، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی کوردستانی عێراقدا (1990 - 1997)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر.

کەریم، سەلام فەرەج (1989)، کەسایەتی لە درامای کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر.

محەمەد، سۆزان عەبدوڵلا (2004)، کەسێتی ئافرەت لە ڕۆمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.


#### ٤. ٢. ٢: نامە ئەکادیمییەکان بە زمانی عەرەبی:


عبداللة، سرور عبدالرحمان (1994)، بناء الشخصيات في روايات غسان كنفاني، رسالة ماجستير، كلية الادب، جامعة صلاح الدين، اربيل.

علاوى، عبداللة ابراهيم (1987)، البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق (1980 - 1985)، رسالة ماجستير، كلية الادب، جامعة بغداد.

**٤. ٣: گۆڤارەکان:**

**٤. ٣. ١: گۆڤارە زانکۆییەکان:**

جرجيس، مؤيد إسماعيل (2009)، الشخصية الاستغلالية وعلاقتها بالأعراض النرجسية لدي طلبة الجامعة، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژ. 40، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

**٤. ٣ .گۆڤارە نازانکۆییەکان:**

ئامێدی، عەبدوڵلا (1999)، ڕۆمانی پەرستگاکانی دلداری، گ. ڕامان، ژ. 16، هەولێر.
ئیسماعیل، موئەیەد (2000)، کەسایەتی ناکۆمەڵایەتی، گ. ڕامان، ژ. 48، هەولێر.
حەمە سالح، یوسف، (1999)، کەسێتی مرۆڤ لە نێوان ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا، گ. ڕامان، ژ: 40، هەولێر.
مەعروف، کەمال (1999)، ڕۆمانی کوردی و گیروگرفتەکانی، گ. ڕامان، ژ. 40، هەولێر.
هادی، سیامەند (1999)، کەسێتی لە ڕۆمانی فەرەنسیدا، گ. سەردەم، ژ. 1، سلێمانی.